# نازناوی ناشایستە لەسەر خێزان و کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی

لەکۆمەڵگەی کوردی و کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتدا زۆرجار ناووناوبانگ و نازناو(لەقەب) بەتایبەتیش ئەگەر ناقوڵا و ناشایستە و ناخۆش بوو، دەبێتە مایەی برینداربوونی هەستی مرۆڤەکان، خستنە پاڵی ئەو نازناوانە کە ڕەنگە هیچ پێوەندییەکی بەکەسێتی ئەو تاکەوەش هەر نەبێت، بەڵکو وەك نازناوێك لەخێزان و بنەماڵەوە بۆی مابێتەوە، ئەم نازناوانە مەرج نییە بەهۆی کاری باشەوە بن، بەڵکو هەندێکیان دەرەنجامی کار و ڕووداو و بەسەرهاتی خراپەوە بن کە بەڕاستی دەبنە ڕێگر لەبەردەم ژیانی کۆمەڵایەتی و زۆرجاریش پێکهێنانی خێزان بەتایبەتیش بۆ کچان. لەم راپۆرتە لایەنە کۆمەڵایەتییە خراپەکانی نازناو و ناولێنانی ناشایستە دەخەینەروو، هاوکات بێ تاوانی کچ لەم مەسەلەیەدا روون دەکەینەوە:

**(ئاورینگ حەمەفەرەج)ی فەرمانبەر بۆچونی وایە**، تاکی کوردی قوربانیدەری ئەو نازناوە هەڵانەن کە هیچ پێوەندییەکی بەکەسێتی ئەو کەسەوە نییە بەتایبەت کچ، زۆرجار پرۆسەی هاوسەرگیری کچ لەسەر ئەو مەسەلەیە هەڵوەشاوەتەوە، لەخێزانێکدا ئەگەر باوك یان دایك یان هەر ئەندامێکی ئەو خێزانە کارێکی خراپ ئەنجام بدات، دەبێتە نازناوێکی خراپ، کە هیچ گوناهێکیشی نییە بۆچی دەبێت ببێتە ڕێگر بۆ کچ یان هەر ئەندامێکی ئەو خێزانە.

(ژیوار جەزا)ی قوتابی زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی ئەندازیاری دەڵێت: ئێمە وا دەڕوانین کە ئەگەر کەسێك کارێکی نالەباری کرد، ئیدی ئەمە پەروەردەی خێزانەکەی بەرەو ئەو ئاقارەی بردووە، بەڵام بیرلەوە ناکرێتەوە کە تاك کاتێك لەخێزان دەردەچێت ڕووبەڕووی شتە جیاوازەکانی دەوروبەر دەبێتەوە و لەژێر کۆنترۆڵی خێزاندا نامێنێت، بۆیە دەکرێت لەژیانی ڕۆژانەیدا تووشی کارێکی هەڵە و خراپ بێتەوە، ئەمە چ پێوەندییەکی بە خوشك یان برا یان دایك و باوکەوە هەیە، لەکاتێکدا خێزانەکەیان دڵخۆش نین بەو کارە، بۆچی دەبێت ئەوان باجەکەی بدەن.

**(ئارام جەمال) وەک ڕووناکبیر و نووسەر، باس لەبیر تەسکی تاکی کورد دەکات،** کە ئەنجامدانی کار دەرهاویشتەی بیرکردنەوە و تێڕوانینی ئەو کەسەیە بۆ کارەکە، نەك پەروەردەو پێگەی خێزانی، لەوکاتەی مرۆڤ کارێك دەکات بیر لە دەرەنجامەکانی ناکاتەوە، لەکاتێکدا خوشکەکەی لەکاتێکی هەستیاردا تووشی ئەو حاڵەتە دەبێتەوە کە بۆچی براکەی ئەو کارە نالەبارەی کردووەو ئێستا کاریگەری لەسەر داهاتوو و ژیانی ئەو دەبێت؟ یاخود بەپێچەوانەوە کچێك هەڵەیەك دەکات، براکەی ببێتە گوناهبار، بۆیە با ئێمە ڕوونتر سەیری دەرەنجامی کارەکان بکەین و پەیوەست نەبین بەناوی بنەماڵەو ڕەفتارو کەسایەتی ئەو خێزانە، بەڵکو تەنیا خودی کەسێتی ئەو کەسە وەربگرین و قبوڵی بکەین.

**(ژیان والی) مامۆستا دەڵێت:** وەك خۆم زۆر گرنگی بەناوی بنەماڵە دەدەم، تەنانەت لەژیانی خۆم جێبەجێم کردووە، چونکە ئێمە لەم کۆمەڵگەیەدا دەژین نەك کۆمەڵگەیەکی کراوە کە ئەو نازناو و قسانە قبوڵ نەکەن و بەهەند وەرینەگرن کە لەسەر خێزانی ئەو کەسە هەیە، ئەگەر لەگەڵ کوڕێکدا هاوسەرگیری بکەم کە خێزانەکەیان هەر ئەندامێکیان بێت نازناو یان کارێکیان کردبێت، وەك بۆ نموونە راو و ڕووت یا دزی یا هەر کارێکی ناشایستە و نابەجێ، ببێتە مۆرکێکی ناشیرین پێیانەوە، چۆن بتوانم ژیانی لەگەڵدا بەسەربەرم، ترسم لەقسە توندەکانی کۆمەڵگەیە، کە هەمیشە بەدواتەوە دەبن و لەداهاتوودا وەك میراتێك بۆ نەوەکان دەمێنێتەوە.

لەبەرامبەر هەموو ئەو بۆچونانەدا لەرووی لێکدانەوە دەروونی و کۆمەڵناسییەکەوە، خاتوو(میهرەبان جەلال) دەڵێت: مرۆڤ کاری هەڵەی لێدەوەشێتەوە، بەو مانایەی ئەگەر کارێکی خراپی بەئەنجام گەیاند مانای ئەوە نییە دوو هێڵی ڕاست و چەپ بەسەر هەموو ژیانی خۆی و خێزانەکەیدا بهێنرێت، بەڵام لەم کۆمەڵگەیەدا تەنانەت ئەگەر باپیرەشی کارێکی کردبێت و بوویێت بە نازناوی ئەو خێزانە، نەوەکانی باجەکەی دەدەن و کاریگەردەبن پێی. مرۆڤ هەمیشە دەگۆڕێت و بەهەڵەکانیدا دەچێتەوە.

زیاتر لەم لایەنەدا کچ دەبنە قوربانیدەر، لەکوردیدا دەڵێن: (دایك ببینە کچ بخوازە) ئەم پەندە ڕاستە، بەڵام ئەگەر دایك خراپ بێت، مەرج نییە کچەکەشی بەو شێوەیە بێت. فراوانتر بیربکەینەوە، پێدەچێت بەهۆی بارودۆخێکەوە دایکی تووشی هەڵەیەك بوویێت، ئیتر ئەمە بوویێتە بەرنامە و کچەکەشی بەهەمان شێوە بێت، لەئێستادا پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان فراوان بوون و تائێستاش هەوڵی خۆ ڕۆشنبیرکردن دەدات، بۆیە هیچ کەسێك بەرپرس نییە لەکەسێتی کەسانی خێزان و دەوروبەر.



# هاوڕێیەتیەک داهـاتووی


**هەمووکەســێك لەژیانــی خۆیدا هەوڵ دەدات کەســێك بکاتە هاوڕێی خۆی کە دڵســۆز و بەئەمەك بێت، لەرۆژگاری ئێستاماندا دۆزینەوەی ئەو کەسە مەحاڵە، چونکە هەمیشە مرۆڤەکان بەگومانەوە لەیەکتر دەڕوانن، گومانی تێدا نییــە دەرەنجامە نێگەتیڤەکان وایکردووە ئەو متمانەیە بــەرەو کاڵبوونەوە بچێت. ئەوەی لەژیانی (شــاخەوان)دا دەیبیســتین هیچی کەمترنییە لەژیانی کچێك کەتووشــی کاری خراپ دەبێت، چونکە تووشی حاڵەتێکی دەروونی وابووە وەك خۆی دەڵێت چارەسەرکردنی ئەستەمە:**

وەرگرتنی لەزانکۆ

شاخەوان، لەکاتێکدا قوتابی پۆلی شەشی ئامادەیی بووە کەســێکی جــددی بووە، زانیویەتی چــۆن کاتەکانی بۆ خوێندن و خوێندنەوە تەرخان بکات، ئەمەش وایکردووە نمرەیەکی باش بەدەست بهێنێت و لەیەکێك لەکۆلێژەکان وەربگیرێــت. خوێندن هەموو ئاواتێکــی بووە، بەڵام کــە دەگاتە زانکۆ سەرجەم ئاواتەکانی پێچەوانە دەبنەوە، وەك خۆی ئاماژەی پێدەکات هەرگیز چاوەڕێی ئەوە نەبــووە کە بۆی هاتۆتە پێش.

شاخەوان دەڵێت: کەچوومە زانکۆ حەزم دەکرد کەسێك هاوڕێم بێت بەمانای وشە هەڵگری وشەی هاوڕێیەتی بێــت، یەکەم رۆژی چوونم بۆ زانکۆ لەبەشی تۆمارگەی زانکۆ بەهۆی کارەکەمانــەوە کەوتمە قســەکردن لەگەڵ کوڕێکدا کەنــاوی رزگار بــوو، لەدوای گفتوگۆ زانیم لەهەمان ئەو بەشەیە منیش لێی وەرگیراوم، رزگار ئەو کوڕە بوو هەموو ژیانی منی فەوتان.

رزگارپێشتر لەپەیمانگابوو، لەبەرئەوەی لەیەکەمەکان بــووە لەزانکۆ وەرگیراوە، کە ئەمــەی باس کرد زۆر دڵم پێی خۆش بوو وتم هاوڕێیەتی کەســێکی زیرەك و جددی دەکەم، ئیتر لەورۆژەوە بووینە هاوڕێ و رۆژانــە زۆربەی کاتەکانمان بەیەکەوە بەسەر دەبرد، بــە ڵا م



# قوتابیەک لەناودەبات

رزگار رۆژانە دوای تەواوبوونی وانەکانمان نەدەڕۆیشتەوە هەر لەزانکۆ دەمایەوە، پێم دەوت ئەمە کارێکی باش نییە دەیکەیت، چونکە کاتەکان هەروا بەخۆڕایی دەڕوات. ئەم قسانەی من بێسوود بوو، تارۆژێك بەمنی وت تۆ بۆچی زوو دەڕۆیتەوە؟ رۆژێك لەگەڵمدا بمێنەرەوە بزانە دوای دەوام چەند خۆشترە تا کاتی دەوام!

شاخەوان دەڵێت: وتنی ئەم قسەیە زۆر سەیر بوو، دەمویست بزانم بۆچی خۆشترە؟ لەبەرئەوە بڕیارمدا منیش بمێنمەوە.

مانەوەم لەگەڵ رزگاردا لەکۆلیژ بۆدوای کۆتایهێنانی دەوام:

رۆژێك لەدوای تەواوبوونی وانەکان لەزانکۆ مامەوە، رزگار وتی: شاخەوان تۆزێکی تر هەندێك برادەرم هەیە پێتی دەناسێنم و دوایی دەچینە دەرەوەی زانکۆ!

لەکافتریا دانیشتبووم کە برادەرەکانی هاتن، دوو کچ و کوڕێك بوون، لەدوای یەکترناسین وتیان بابڕۆین، وتم رزگار بۆ کوێ دەچن؟ وتی تۆ وەرە و حەقت نەبێت. منیش لەگەڵیاندا رۆیشتم چووین بۆ پارکی ئازادی، لەوێ زۆرماینەوە تا ئێوارەیەکی درەنگ، زۆر هەستم بەشەرم و دڵەراوکێ دەکرد، چونکە باسی هەندێك بابەتیان دەکرد هەرگیز لەژیانمدا گوێم لێیان نەبووە، پێم وتن دەبێت من برۆم زۆر درەنگ بووە.

لەبەرئەوەی لەخێزانەکەماندا هەمیشە لێپرسینەوە هەبووە، باوکم زۆر توڕە بوو کە تائێستا نەهاتوومەتەوە و لەهەمان کاتدا پرسێکم نەکردووە، پەشیمان بووم لەوەی لەگەڵیاندا رۆیشتم، لای خۆم بڕیارمدا جارێکی دیکە نەچمەوە.

چۆن کەوتمە هەڵەوە

رزگار بۆ

ر ۆ ژ ی

دوایی پێی وتم شاخەوان پێیت خۆش بوو ئەوکەسانەت ناسی؟ هەست دەکەم تۆ کەسێکی شەرمنیت، پێمخۆشە کەمێك کراوەتر بیت، وتم نا سوپاس حەزم لەو جۆرە کەسانە نییە و پەشیمانم، من ئەمەم وتوو، رزگار: وەڵامی دامەوە و وتی تۆ هەڵە دەکەیت ئەوانە کەسی باشن و دەستی کرد بەوەسفکردنیان، ئەوەندەی تر قەناعەتی پێکردم هاوڕێیەتیان بکەم، ئەمە یەکەم هەنگاونانم بوو بەرەو هەڵدێربوون.

ئیتر لەمەوە وام لێهات لەگەڵ دایك و باوکمدا درۆ بکەم و هەرجارەی شتێکیان پێ بڵێم، چونکە نەمدەتوانی وازیان لێبهێنم، ئەوەشم بەلاوە سەیر بوو لەگەڵ هەموو ئەو کارە خراپانەی رزگار دەیکردن، کەچی لەخوێندندا زۆرباش بوو، بەڵام من تەواو دواکەوتووم و کۆنترۆڵی خۆمم لەدەستدا. رۆژانە دوای دەوام لەگەڵ یەکێك لەهاوڕێ کچەکانمدا دەچوومە دەرەوە بۆ ئەو شوێنەی خۆمان پێمان خۆش بوایە. فێری چەندین کاری خراپیان کردم، تاکار گەیشتە مەی خواردنەوە و جگەرەکێشان.

باوکم رۆژێك لێم توڕە بوو وتی بۆنی جگەرەت لێدێت، سوێندم بۆ خوارد جگەرەم نەکێشاوە، هەرچەندە ئەوکاتە جگەرەکێشێکی تەواو بووم، ئەوەی پێی دەوترێت شەرم لەنێوان من و رزگار و هاوڕێکانماندا نەما، ئەمە زیاتر وایلێکردم بەرەو کاری خراپترم بەرێت، تەنانەت شەوێك لەماڵێك دەهاتمەوە، توانای رۆیشتنم نەمابوو، بۆیە لەسەر شەقامەکە کەوتم و نەمتوانی هەڵبستمەوە، کاتژمێر ٣:٣٠ی شەو بوو ئەگەرچی شەوێکی سارد بوو، لەو کاتەیە پۆلیس بەشەقامەکاندا دەڕۆیشتن، کە منیان بینی یەکسەر هاتنە لام و لەگەڵ خۆیاندا بردیانم بۆ مەرکەز و دەستیان کرد بەلێپرسینەوە لێم، کە زانیان توانای قسەکردنیشم نەماوە وازیان لێم هێنا تا رۆژبۆوە، بۆ بەیانی پرسیاریان لێکردم کە ئیش و کارم چییە؟

منیش بەوردی هەموو شتێکم بۆ باس کردن، دەموت بەڵکو کەسێك هەبێت یارمەتیم بدات و لەم کارە خراپانە رزگارم بکات. وتی تۆ ناتوانیت بڕۆیت تا باوکت نەهێنیت، چونکە تۆ خەواڵو بوویت کە گیراویت، دەبێت وەلی ئەمرت بێت ئینجا دەتوانین بەرت بدەین، منیش هەموو گیانم دەلەرزی چۆن بە باوکم بڵێم؟ چونکە درۆم لەگەڵدا کردبوو، پێم وتبوو دەچم بۆ ماڵی هاوڕێیەکم راپۆرتمان هەیە لەوێ پێکەوە دەینووسین، ئێستا پێی بڵێم گیراوم دەبێت چیم پێ بڵێت؟ نەمدەزانی چارەیەك چۆن بدۆزمەوە؟ بەڵام دانم نا بەخۆمدا و تەلەفۆنم بۆ کرد.

هەرگیز ئەوەم بیرناچێتەوە چۆن لێم توڕە بوو کە چی دەکەم لە سجن؟ هات بۆلام لەشەرما نەمدەتوانی تەنانەت سەریش بەرز بکەمەوە، زۆر پەشیمان بووم لەوەی چۆن خۆم و باوکیشم خستە ئەم حاڵەتە ناخۆشەوە، لەدوای وەرگرتنی کەفالەت بەریاندام، لەدواییدا داوای لێبوردنێکی زۆرم لەباوکم کرد تا لێمخۆش بێت و لەماڵەوەش باسی نەکات، چونکە توانای شەرمەزاربوونم نەبوو.

ئیتر لەو رۆژەوە هاوڕێیەتی رزگارم نەکردو تەنانەت لەلاشی باسم نەکرد ئەو شەوە چیم بەسەرهاتووە و چۆن گیراوم، هەرئەوەندەم پێ وت ئیتر لەمڕۆوە هاوڕێیەتی یەکتر ناکەین،چونکە ناتوانین سوود بەیەکتر بگەیەنین.

کە بیردەکەمەوە چۆن کەوتمە ئەو هەڵە گەورەیە لەژیانمدا، هەمیشە لەناخەوە خەفەتی پێ دەخۆم و تەواو وێرانی کردووم، ناتوانم بۆ چرکە ساتێکیش لەبیر خۆمی بەرمەوە.

# روووخساری جوان و بوونی پارە خۆشبەختی دروستدەکات؟



**جوانـــی و دەوڵەمەنـــدی زۆرجـــار بوونەتە بنەمایەکی سەرەکی بۆ هاوسەرگیریی، چونکە زۆرێك لەکچـــان ئاواتەخوازن کـــوڕان ئەم دوو خاڵەیان تێدا هەبێت، ئەگەر ئەو دوو داواکارییەیان بۆنەهێننەجێ، ئەوا بە نەخێر وەڵامیان دەدەنەوە. ئـــەو جۆرە کچانـــە پێیانوایە کە خۆشـــبەختی لەپارە و رووخســـاری جواندایـــە. لێرەوە دەکرێت بپرسین بۆچی کچان هەمیشە بەدوای کوڕێکدا دەگەڕێن کـــە یەکێك لـــەو دوو داواکارییەیان تێدابێت و گرنگی بەلایەنی رۆشنبیری نادەن؟ ئایا کوڕانیش بەهەمان شـــێوە بیردەکەنەوە؟ لەم ئانـــەدا تاچەند هەردوو رەگـــەز توانیویانە لەو هەڵبژاردنەیاندا خۆشبەختی دەستەبەربکەن؟ بۆ وەرگرتنی بۆچونی هەردوو رەگەز، لەسەر ئەم تەوەرە ئەم راپۆرتەمان سازکرد...**

(گەشـــاو عباس) وەك قوتابیەکی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی، جۆری بیرکردنەوەی کچانی نێو زانکۆمان بۆ بەیان بکات و لە پێوەند بەم باســـەوە دەڵێت: لەناو زانکۆدا ئەوەی گرنگە لای کچان ئەوەیە دەبێت ئەو کوڕەی وەك( دۆستێك ـ کەپلێك) هەڵیدەبژێرێت، لەرووخساردا جوان و سەرنجڕاکێش بێت و لەباری ئابووریشـــدا خـــاوەن ئابوورییەکی بەرز بێت، ئەمـــەش بۆ هەمـــوو کـــەس رێناکەوێت، بەڵام کوڕانیش ئەوە بەهەند وەردەگرن کە کچان جوان و دیار بن، نموونەی ئەو کەسانە

لەدوای هاوسەرگیریەکەدا دەرکەوتووە کە تاچەند لێکتێگەیشتن و خۆشەویستی لەنێوانیاندا هەیە و توانیویانە ببنە نموونەی خێزانی بەختەوەر.

لەبەرامبەر بۆچوونەکەی (گەشاو) دا، (کاردۆ عومەر)یش وەك قوتابی زانکۆ، باس لەوە دەکات کە: لەزانکۆ و پەیمانگاکاندا، کچان زۆر گرنگی بەکوڕی جوان و بەتایبەت خاوەن سەروەت و سامان دەدەن، هەمیشە ئەو کوڕانە زیاتر لەلایەن کچانەوە هاوڕێیەتی دەکرێن، هەرچەندە کوڕانیش ئەوە دەزانن کە کچان لەبەر جوانی یاخود دەوڵەمەندییە خۆیان لێنزیك دەکەنەوە، گرنگی بەکوڕێك نادەن کە رۆشنبیر یاخود زیرەك بێت، بەڵام لەبەرئەوەی کچ زیاتر سەرنجڕاکێشترە تا کوڕ، بۆیە زۆرجار ئەو کوڕانەی کە جوانن بەهەمان شێوە بەدوای کچی جواندا دەگەڕێن و پەسەندیان دەکەن.

بۆچوونەکان چ هی کچان بێ و چ کوڕانیش بێ لەمەڕ ئەم پرسە جیاوازن، هەر بۆیە (ژینۆ والی) پێچەوانەی هەردوو قوتابی (گەشاو و کاردۆ )ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە: مەرج نییە هەموو کچێك گرنگی بەجوانی و دەوڵەمەندی کوڕ بدات، بەپێچەوانەوە هەندێك کچ بیرکردنەوەیان جیاوازە و خۆشەویستی و بوونی متمانە لەنێوانیاندا خاڵێکی جەوهەرییە و پشتی پێدەبەستن، لەسەرەتای هاوسەرگیریدا کچان وەك نەریتێك داوای ئاڵتون و ماڵی جیا دەکەن، بەڵام هاوکات داوای ئەوەیان لێدەکەن کە دڵپیس و رەزیل نەبن، کەواتە ئەوە دەزانن کە خۆشبەختی لەرووخسارو پارەدانییە و تەنانەت بەشێوەیەکی رەها ناتوانێت دروستشیان بکات.

دەڵێن کاسەی پڕ ئاشتی ماڵە، ئەم پەندە (شۆخان عەبدوڵڵا )بۆ پاڵپشتی قسەکانی خۆی دەیهێنێتەوە و پێیوایە: ئەو خێزانانەی دەوڵەمەندن زیاتر خۆشبەخترن لەخێزانە هەژارەکان، چونکە بەدەست نەبوونیەوە گیرۆدە نەبوون و گرفتەکانی ژیان ناڕەحەتیان ناکات، بەڵام خێزانە هەژارەکان زۆرجار لەبەر گرفت و ناخۆشییەکان بیر لەژیانی خۆیان ناکەنەوە، تەنانەت بەویستی خۆیان خواردن ناخۆن و پۆشاکی جوان ناکڕن، بۆیە کچانیش هەوڵ دەدەن شوو بەکوڕی دەوڵەمەند بکەن، ئینجا ئەگەر جوانیش بێت باشترە. زۆرێك لەکچی جوان دەبینین شووی بەکەسێك کردووە کە وەك خۆی نییە و هاوکوفی ئەو نییە، بەڵام لەبەرئەوەی سەروەت و سامانی هەیە، قبوڵی دەکات.

توێژەرانی کۆمەڵایەتی ئاماژە بۆئەوە دەکەن کە لەئێستادا لەهاوسەرگیریدا وەك مۆدێلێکی لێهاتووە کە دەبێت لانی کەم کوڕان ماڵێکی باش و ئاڵتونێکی زۆر بۆ کچان بکەن، بەبێ ئەوەی هەست بەوە بکەن کە ئەگەر توانای دارایی باش نەبێت چۆن دەتوانێت لەدواییدا ژیانێکی ئاسوودە فەراهەم بکات، لەگەڵ ئەمانەشدا مەرج نییە هەموو کچێك بەوشێوەیە بێت، بەڵکو گرنگی بەلایەنی رۆشنبیری و ئاکاری کوڕەکە دەدات و هەوڵدەدات لەکاتی پێکەوەنانی خێزانەکەیاندا هاوکارێکی باش بێت، چونکە تێدەگات لەوەی کە لەدواییدا ئەوە خۆیانن تووشی کێشەی دارایی دەبنەوە و ناتوانن بەئاسوودەیی بژین.

ئەم بیرکردنەوانە لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێت، ئەوەی کە گرنگە ئاماژەی پێبکرێت ئەوەیە کە لایەنی رەوشت و ئاستی رۆشنبیری و هۆشیاری بکرێتە پێوەر بۆ هاوسەرگیری، نەك لایەنی ماددە و رووخسار، چونکە بەتێپەڕبوونی کات جوانی رووخسار بەرەو گۆڕان و شێوان و تێکچوون دەچێت و پێدەچێت سەروەت و سامانیش بەردەوام نەبێت، ئەوەی دەمێنێتەوە خۆشەویستی و راستگۆیی و جوانییەکانی دیکەی ژیانی نێوان ئەو دوو کەسەیە، بۆیە گرنگە بەبیرکردنەوەیەکەی دیکە لەم مەسەلەیە بڕوانین و بیر لەداهاتوو بکەینەوە.



# چۆن مامەڵە لەگەڵ کەسێکدا بکەین کە ناکۆک بین؟



چۆپی کەمال، فەرمانبەر لەوەزارەتی رۆشنبیری باس لەوە دەکات، بەهۆی کارەکەیەوە زۆرجار بەریەککەوتنی لەگەڵ ئەوکەسانەدایە کە خوشی ناوێن و حەزناکات کاریان لەگەڵدا بکات، بۆ راپەڕاندنی کارەکانی ناچارە ئەو پێوەندیە بەردەوام بێت، چۆپی دەڵێت: هەریەك لەمرۆڤەکان بەجۆرێکی تایبەت بیردەکەنەوە، ئەمە وا دەکات بیرکردنەوە و رەفتاری بەرامبەرمان بەدڵ نەبێت، بۆیە ئەو جۆرە رەفتارانەش بێزارمان دەکات.

بۆچوونەکان جیاوازدەبن ئەگەر کارەکانمان لەچوارچێوەیەکی سنووردار‌دا نەبێت، بۆ نموونە دراوسێکانمان تا چەند بەریەککەوتنەکانمان لەخواستی خۆماندایە:

سەروەر نورەدین، مامۆستای بنەڕەتی دەڵێت: بەبۆچونی من کەسێك جێگەی نارەحەتیە بۆمان ئەگەر راستەوخۆ کارمان لەگەڵدا بکات، بەڵام دراوسێیەکانمان ئەگەر چی زۆر نزیکیش بێت ئەوەندەی کاریگەری نابێت، چونکە دەتوانین پێوەندیە کۆمەڵایەتییەکانی لەگەڵدا بپچڕێنین، بەڵام لەکارکردندا کاریگەری لەسەر دەرەنجامەکانی کارەکاندا هەیە. پێوەندی کۆمەڵایەتی ئەوەندە زەحمەتە کە لاوازبێت و بپچڕێت، لەوە زیاتر بترازێت جێگەی خۆی ناگرێتەوە.

لەخێزانەکانیشدا بەهەمان شێوە پێدەچێت دووان لەئەندامانی خێزان ناکۆك بن و حەز لەبەریەککەوتنی یەکتر ناکەن، بەڵام ئایا چۆن دەتوانن پێکەوە لەژێر سەقفی خێزانێکدا کۆببنەوە، لەم لایەنەشەوە، پارێزەر (شنۆ توانا) دەڵێت: ژیانی خێزانی کوردی گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە، ژیان بەرەو ئاڵۆزی و پشێوی رۆیشتووە هەر ئەمە وایکردووە کە قبوڵکردنی رای ئەندامێکی خێزان ئاسان نییە، دەبێتە هۆی دروستبوونی دەمەقاڵێ و ناخۆشی، بینیومانە چەندین ئەندامی خێزان توڕەیی خۆیان بەکوشتنی یەکتر دەربڕیوە ئەمە لەسنووری خۆشەنەویستن و بێزاری دەرچووە، بەڵام لەوکاتەی لەفەرمانگەیەکدا دوو کەس یەکتریان خۆش ناوێت، تەنیا کار رادەپەڕێنن ناچارنین بەریەککەوتنەکەیان بۆ پتەوبوونی پێوەندی کۆمەڵایەتی و روحی بێت وەك ئەوەی لەناو خێزاندا هەیە. دەبێت رێز لەیەکتریش بگرن ئەگەرچی بەلاشیانەوە ئاسان نەبێت.

مامۆستا ئەکرەم ساڵح، دەڵێت: پێوەندیە کۆمەڵایەتیەکان لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە دەگۆڕێت، بۆ نموونە من وەك مامۆستایەك ئەگەر لەگەڵ بەڕێوەبەرەکەمدا یەکترمان خۆشنەوێت ئاساییە، بەڵام قوتابییەك منی خۆشنەوێت و بێزاربێت لەبینین و وانەوتنەوەمدا، ئەوا کاریگەری لەسەر فێربوون و وەرگرتنی زانیارییەکاندا دەبێت، لەهەمان کاتدا پێدەچێت من هەست بەوەش ناکەم کام لە قوتابییەکان منی خۆش ناوێت، لەم حاڵەتانەدا

تەنیا کاریگەری لەسەر یەك لایەن دەبێت، بـــەڵام لەفەرمانگەیەکدا ئەمە جیاوازترە کاریگـــەری لەســـەر راپەڕاندنی کاری فەرمانبەران و هاووڵاتیان دەبێت.

لەرووی دەروونیەوە پچڕاندنی پێوەندیە کۆمەڵایەتیـــەکان کاریگەریان لەســـەر لایەنی دەروونی هەیە لەکاتێکدا ناچاربیت قبوڵی هەموو ئەو بەریەك کەوتنانە بکەیت لەگەڵ کەسی بەرامبەردا کە روودەدات، بۆ خوێندنەوەی ئـــەم حاڵەتە دەروونناس (دلێر مەجید) دەڵێت:

حاڵەتێکـــی دەروونـــی خـــراپ لەناو تاکـــی کوردا دروســـتبووە زۆر بەکەمی کەســـی بەرامبەری قبوڵە، بۆیە دەبینین بە سادەترین وشـــەی بەرامبەر هەڵچوون روودەدات، یاخود هـــەوڵ ئەدەن ئازاری دەروونـــی یەکتر بـــدەن، ئـــەم ئازاردانە راســـتەوخۆ کاریگەری لەســـەر لایەنی دەروونی هەردوولا هەیـــە، بەتێپەڕبوونی کات پێوەندییەکانیـــان بـــەرەو لاوازبوون دەچێت.

کاریگەریە خراپەکان لەکاتی راپەڕاندنی کارەکان دروست دەبێت، لەو کاتەی ناچارن کە پێکەوە کارێك بکەن، لەوە قورستریش یەکێکیان لەلای خۆیەوە بێزاربێت لەکەسی بەرامبەر و حـــەز لەرەفتار و گفتوگۆی لەگەڵیدا نەکات.

بۆئەوەی زاڵ بین بەســـەر دەروونماندا دەبێـــت هەوڵ بدەین کەمتر ئەو کەســـانە ببینین کە پێوەندیمان باش نییە یاخود حەز لەتێکەڵاوبوونـــی ناکەین، بەڵام لەهەموو حاڵەتەکان قورســـتر ئەوەیـــە ئەگەر دوو هاوسەر بێزاربن یان یەکتریان خۆشنەوێت لەبـــەر منـــاڵ ناچاربن پێکـــەوە بژین، ئەمجۆرە حاڵەتانە ناراستەوخۆ کاریگەری لەســـەر لایەنـــی دەروونی هـــەردوولا و تەنانەت مناڵەکانیشیان هەیە.

دەکرێـــت ئەگەر لەگەڵ کەســـێکدا پێوەندیمـــان بـــاش نییـــە یـــان حەز لەتیکەڵاوبوونـــی ناکەیـــن بەجۆرێکی دیکـــە رەفتـــار بکەین، واتـــە هەوڵ بدەین ئـــەو ناکۆکی و رقەی لەدڵماندا هەیە لەبیرخۆمانـــی بەرینەوە و لایەنە جوانەکانـــی یەکتر بدۆزینـــەوە نەوەك بەدوای کەموکوڕی یەکتردا بگەڕێین تا زیاتر لەیەکتر بێزار و ناکۆك بین.



**هەریـــەك لەئێمـــە لەژیانـــی رۆژانەمانـــدا رووبـــەڕووی کەســـانێك دەبینەوە کە مەرج نییە خۆشـــمان بوێن یاخـــود بگونجێین لەگەڵیاندا، بۆ نموونە دراوســـێیەك یان کەسێك لەشوێنی کارەکانماندا، تەنانـــەت لەخێزانەکانمانـــدا، لەهەمـــان کاتدا ناچارین رەفتار و مامەڵەیـــان لەگەڵدا بکەین، بۆیە تووشـــی رووبەڕووبونەوەی ناخوش دەبینـــەوە، بەڵام چۆن زیرەکانـــە بتوانین ئەو مامەڵەیە بەدروســـتی ئەنجام بدەین بەپێ ئـــەوەی هەســـتی پێبـــکات، لەکاتێکـــدا ئەگـــەر ناکۆکیش بوونی هەبێـــت. بۆئەوەی بزانین هۆکارەکان چین وا دەکات تەنیا کارەکان رادەپەڕێندرێـــن و هیچ پێوەندییەکـــی روحی لەنێوانیاندا نییە.**



# بەسەرهاتی ئەو کچەی کەبەهۆی ناز هەڵگرت

بەسەرهاتی ئەمجارەمان زۆر جیاوازە لەهەموو بەسەرهاتەکانی تر، چونکە هەموو ئەو کەسانەی کە جارەکانی تر ژیانیانم وەك بەسەرهاتێك دەگێڕایەوە، هەموو هۆکاری تووشبوونیان بەکێشەکان هەژاری بوو، بەڵام بەسەرهاتی تارا بەهۆی ناز هەڵگرتنی دایك و باوکی و دەستبڵاویەوە بووە.

(تارا) لەخێزانێکدا دەژیا کە هەموو پێداویستییەکانی ژیانی بۆدابینکرابوو، هەر لەسامانی زۆر و داهاتێکی گونجاو تا نازانم چی دیکە، جگە لەمەش (تارا) نازی زۆر لە رادەبەدەر دەدرایە. نازهەڵگرتنی تارا گەیشتبووە ئەوەی کەهەموو جۆرە ئارەزووەکانی بۆ دابین بکرێت، دایك و باوك و خوشك و براکانی زۆر نازیان هەڵدەگرت و هەر داواکارییەکی هەبووایە بۆیان جێبەجێدەکرد، کاتێك کە چووە کۆلێژ لەلایەن باوکییەوە ئۆتۆمبیلێکی بۆکڕدرا کەبووە هۆی لەناوچوون و ئاوابوونی خۆری تەمەنی.

تارا هەموو بەیانیەك وەك گشت قوتابیانی هاوتەمەنی بۆ خوێندن رووی دەکردە کۆلێژ و سەرنجی هەموو کوڕەکانی هاوپۆلی خۆی راکێشابوو، هەم لەبەر جوانی لەش و لارەکەی و جلوبەرگە مۆدێرنەکانی و هەم لەبەر ئۆتۆمبێلە نایابەکەی و هاوکاری کردنی تارا بۆئەو سوالکەر و هەژارانەی بەردەم دەرگای کۆلێژ. سەرەڕای ئەوەی تارا بەهۆی نازهەڵگرتنی ماڵەوەیان کردبوویە کچێکی لووت بەرز و خۆبەزلزان. ئەم هۆکارانە هەموویان وایکردبوو کەزۆربەی کچان و کوڕانی زانکۆ ئیرەیی پێببەن و زۆربەیان لەخۆیانەوە رقیان لێدەبۆوە، زۆربەی کچەکان حەزیان لێینەدەکرد یان نەیاندەویست هاوڕێیەتی بکەن، خۆیان بەدوور دەگرت لێی.

(ئەیوب) کوڕێکی هاوپۆلی تارا بوو لەخێزانێکی هەژار و کەمدەرامەت بوو، بەڵام سەرەڕای ئەوەی کە هەژار بوو ئەو هەمیشە بەدوای کاری سێکسی و رابواردن و ئاڵوودەی خواردنەوە کهولییەکان بوو. هەمیشە قەرزدارو سەرلێشیواو بوو. تابڵێی گەنجێکی گەندەڵ و بێکەڵکبوو. مرخی لە تارا خۆشکردبوو تەماحی لە ئۆتۆمبێل و سامانەکەیان بوو. بەردەوام هەوڵیدەدا خۆی لە(تارا) نزیك بکاتەوە تا لەئەنجامدا توانی بەهۆی کچێکەوە کە هاوپۆلی هەردووکیان بوو توانی وردە وردە خۆی لە(تارا) نزیك بکاتەوە، تاتوانی خۆی بکاتە برادەری و خۆی زۆر لێنزیك بکاتەوە، لەبەر ئەوەی تارا برادەری کەمبوو زۆربەی قوتابییەکان حەزیان لێنەدەکرد، ناچار بوو برادەرایەتی ئەم کوڕە گێرەشێوێنە بکات.

(ئەیوب) بەجۆرێك خۆی لێنزیکردەوە کەبتوانێت دەست بەسەر ژیانی کچێکی سەرمایەدار بگرێت بۆ ئەوەی پارەی رابواردن و خواردنەوەکانی خۆی پێدابین بکات. هەموو بەیانیەك لەرێگای رادەوستاو تاوەکو تارا دەگەیشت و شوێنی ئۆتۆمبێلەکەی بۆدەگرت. هەمیشە زۆر بایەخی پێدەدا. تارا وەك کچێکی تازەپێگەیشتوو کە لەخێزانێکدا گەورە بووە کەباوك و دایکی دەوڵەمەند بوون و زۆر بایەخیان پێداوە،



# ـــنی بێسنووری دایک و باوکیەوە خۆی کـــوشت

حەزی لێبوو لەناو زانکۆشـــدا کەسـێك هەبێت بەو جـــۆرە بگرە زیاتریش بایەخی پێبدات وەك خزمەتچیەك بەدواوەی بێت. رۆژانە لەکاتی رێســـتەکاندا لەناو کۆلێژ (ئەیـــوب)وەك پاســـەوانێکی تارا خۆی پیشـــان دەدا و هاوکاری دەکرد. کتێبەکان و سەرجەم شتوومەکەکانی بۆ هەڵدەگرت تا دەگەیشـــتە نزیـــك ئۆتۆمبێلەکەی و تەنانـــەت هەندێکجار دەرگاکەشـــی بۆ دەکردەوە، تالە ئەنجامـــدا تارا بەجۆرێك هۆگری بوو نەیدەتوانی وازی لێبهێنێت. بەبەردەوامی بەیەوەکە کاتیان دەبردەســـەر و دەچوونـــە دەرەوە. رۆژ لـــەدوای رۆژ هەموو خەڵك بـــە پێوەندیەکەیانیان زانی، (ئەیـــوب) توانی وەهـــا متمانەی تارا بەلای خۆیدا رابکێشـــێت تالە ئەنجامدا چیرۆکێکی خۆشەویســـتی لەنێوان تاراو ئەیوبدا دروستبوو کە بەجۆریك تارا وازی لـــە ناوبانگی خێزانەکەی هێنابوو هەموو شتێکی دەکرد بۆ ئەوەی (ئەیوب) رازی بکات. زۆربەی جـــارەکان پارەی دەدایەو تەنانەت هەندێکجار زێڕەکانی خۆشـــی دەدایە ئەیوب و تا لەئەنجامدا شـــەیتان بەتـــەواوی زەفـــەری پێبـــردن و کەوتنە کاری سێکسی ناشەرعی و دوای چەند مانگێك تارا دووگیان بوو. ئەیوبیش ئەم هەلەی قۆستەوە بۆ ئەوەی بتوانێت هەموو مەرامە گلاوەکانی لەســـەر حسابی تارا جێبەجێبکات. تارا بـــۆ ئەوەی رزگاری بێت لەم کێشەیە بە هەموو شتەکان رازی بوو تەنانەت زێـــڕ و پارەکەش هەمووی پێشکەشـــکرد و تەنانـــەت ناچاربـــوو ئۆتۆمبێلەکەشی بفرۆشـــێت و پارەکەی بدات بە ئەیوب.

لەئەنجامـــدا ئەیـــوب هەمـــوو ئاواتە گڵاوەکانی خۆی هێنایە دی و هەرچیەکی دەویست کردی، پارەو پولی کچێکی لووت بەرزی نەزانی بۆ خۆی برد، ئەمجارەیان کە زانی تارا هیچ پارەی بەدەستەوە نەماوە بیداتێ بۆیە وێنەو گرتە سێکسییەکانی نێوانی خۆی و تارای بە ئامێری مۆبایل لەناو برادەرە کەم رەوشتەکانیدا بڵاوکردەوە و بەتەواوی ئابـــڕووی کچەی برد. تارا کاتێك بەمەی زانی، ئیتر بۆی دەرکەوت کە ئەو هەموو تەمەنی بەهەڵەدا چووبوو ئەو متمانە زۆرەی کە ئەم بەکەســـێکی نادیار بەستبووی گەورەترین زیانی لێدا. ئەو کوڕەی ئەم وایدەزانی خۆشـــیدەوێت تەنیا ئەمی لەبەر پارەو ســـەروەت سامان دەویســـت و ئەمیش لە بەردەم کۆمەڵگە تاوانبارە، چونکە بەداخەوە ئافرەت هەمیشە دەبێت باجی هەڵەکانی بدات و هەمیشـــە ئافرەتان سزا دەدرێن، بەڵام پیاو هەرگیز ســـزا نادرێت. ئەمە لەلایەك لەلایەکی تر ئەم ئێســـتا پەردەی کچێنی هەڵوەریەوەو وێنەی لەناو ئامێری زۆربەی هەرزەکارە سەرلێشێواوەکانی ئەم کۆمەڵگەیەدا هەیە، بۆیـــە تارا دنیـــای لەبەرچاو رەش بوو و ئێوارەیەکیان وەك هەندێ کچی تری ئەم شـــارەی کە ئێمەی تیایدا دەژین لەترسی قسەو توانجی خەڵك و لەترسی سزادانی کۆمەڵگە بە بڕێك نەوت خۆی سووتاندو کۆتایی بە مۆمی تەمەنی هێنا.

# ئەو کچەی کە بەڕێوەبەرەکەی تەماعی تێ کردبوو!

**مرۆڤ کاتێك ناچار دەبێ بڕیارێکی قورس بدات، حەتمەن هۆکارێکی راستەوخۆ و پاڵنەرێکی بەهێز لەپشت ئەو بڕیارەوە دەبێت، ئەگینا کەسێك بڕیار بدات واز لە وەزیفە بێنێ، وەك ئەوەی (لەیلا) کردی، ئایا هەر لە خۆڕا و بە هۆیەکی بچووکەوە ئەم کارە دەکات؟؟ بێگومان وەڵامەکەشی نەخێرە، دە کەوایە با بزانین چ بارودۆخێك بوو وای لە (لەیلا) کرد ئەو بڕیارە بدات. ئەم ریپۆرتاژە گێڕانەوەی بەسەرهاتی وەزیفی ئافرەتێکە کە فشاری زۆر و تەماحی بەرپرسەکەی وای لێدەکات بڕیار بدات چیتر نەچێتەوە بەلای وەزیفەدا. هەر لە سەرەتاشەوە جڵەوی گێڕانەوە دەدەینە دەست کچێکی هاوڕێی خۆی بە ناوی (هێڤی) و دواتر (لەیلا) خۆشی بەشێکی بەسەرهاتەکەیمان بۆ دەگێڕێتەوە. جا با بزانین کێشەی ئەو چی بوو؟؟**



**سەرەتای دامەزراندن**

وەرز بەهارێکی فێنك و رەنگین دەبێ (لەیلا) یەکەم رۆژی بوو لە فەرمانگەکەی دەوام بکات، بەر لەوەی بچێتە دەوامەکەی لە دڵی خۆیدا دەیوت: دەبێ خۆم زۆر قەشەنگ و جوان بکەم. با لە یەکەم رۆژەوە رەخنەم لێنەگرن، ئەوە فەرمانگەیە و خەڵك قسە دەکات. دەمێك لە بەردەم ئاوێنەکە خەریکی خۆی بوو. کە تەواو بوو ناوی خوای لێهێنا رۆیشت. کاتێك وەك فەرمانبەرێکی تازە گەیشتە فەرمانگەکەی یەکەم کەسێك لە فەرمانبەرەکان کە چاوی پێیکەوت (هێڤی) بوو. (هێڤی) کە دیقەتی دایە، لەجێی خۆیەوە چاوی ئەبڵق بوو. لە دڵی خۆیدا وتی: چما خودا مرۆڤی ئەوها جوانیشی دروست کردووە؟! (هێڤی) ئەو ساتانە بەمجۆرە دەیگێڕێتەوە و دەڵێ: یەکەم جار کە پێی نایە ناو فەرمانگەکەمان چاوم پێیکەوت. بەڕاستیش زۆر سەرنجڕاکێش بوو، سەرەتاش وامزانی خاوەن مامەڵەیە ئیشێکی کەوتۆتە لامان، حەزم دەکرد ئیشەکەی بکەوێتە لای من بۆی بکەم. کە هاتە ژوورەوە بە رێکەوت بەرەو رووی من هات و دوای سڵاو کردن پرسیاری لە من کرد و وتی: بەڕێوەبەری گشتی لە کام ژوورە؟ منیش وتم: کارت پێیەتی؟ وتی: لێرە دامەزراوم و فەرمانی دامەزراندنەکەمی پێنیشان دەدەم. وتم: بەدوامدا وەرە. ئیدی خۆم لەگەڵی چووم. بردمە ژووری بەڕێوەبەری گشتی. بە خۆم هاتمە دەرەوە. نزیکەی نیو کاتژمێر لە ژووری بەڕێوەبەری گشتی گیر بوو. من دەمزانی هۆی گیر بوونەکەی جەنابی بەڕێوەبەری گشتییە و جوانی ئەم شۆخە سەرنجی راکێشاوە ئەگینا خۆ

پێناساندن ئەوەندەی دەوێ؟؟ ئینجا هاتە دەرەوە. من هەر لە نزیك ژووری بەڕێوەبەر راوەستابووم. چاوێکی بەملاو بەولادا گێڕا و دووبارە منی بەدی کردەوە و هاتەوە لای من. پاش ئەوەی خۆی پێناساندم، سوپاسی کردم و شوێنی کارکردنی خۆی هەر وەك بەڕێوەبەر پێی وتبوو. بەڕێکەوت ژوورەکەی تەنیشتم دەرچوو، کە سەر بە هۆبەکەی من بوو. ئەو رۆژە (لەیلا) دڵی زۆر خۆش بوو، بەرادەیەك هەر کەسێ بیدیتبایە بەڕوونی ئەو خۆشیی و گەشییەی لە رووخساریدا بەدیدەکرد. من بەرپرسی بەشەکەی ئەویش بووم، ئەو ژوورەی کە ئەو دەبوایە کاری تێدا بکات فەرمانبەرێکی پیاوی لێبوو کە ناوی (دڵشاد) بوو، من دەمزانی چەند ژنانییە و چەند حەزی لێیە ژن و کچ لە دەور و خولیدا بن. بۆیە پێشبینیم دەکرد بە چوونی (لەیلا) بۆ ئەو ژوورە لە رۆژانی دواتر کێشە پەیدا ببێت. (لەیلا)م بانگی ژوورەکەم کرد کارەکەیم پێڕاسپارد و ئاگاداریشم کردەوە کە تا پێیدەکرێت تەنیا خەریکی کاری خۆی بێت و وریای قسە و قسەڵۆك و شتی وا بێت. دوو هەفتە بەسەر دامەزراندنی (لەیلا)دا رەتببوو و نێوان من و (لەیلا) زۆر خۆش و بەهێز بوو. (لەیلا) لەو ماوە کورتەدا زۆر هۆگری من ببوو، هەردووکمان وەك دوو خوشك لەگەڵ یەك مامەڵەمان دەکرد. کچێکی ئیشکەر و چاپووك بوو، حەزمدەکرد بەبێ سەر ئێشە خەریکی ئیشی خۆی بێت. لەم ماوەیەدا هەستم هەندێك نارەحەتە. دواتر بۆم دەرکەوت کە لە دەست (دڵشاد) وەڕس ببوو، بۆیە رۆژێك پێیوتم کە حەز دەکات لە شوێنی خۆی نەمێنێت و بێتە ژوورەکەی من کار بکات. منیش پێموت داواکارییەك بەرز بکەوە لە سەری رازی دەبم و بەرزی دەکەمەوە بۆ بەڕێوەبەری گشتی. رۆژی دواتر داواکاریەکەیم بەرز کردەوە بۆ بەڕێوەبەری گشتی، دوای چەند خولەکێك بەڕێوەبەری گشتی بانگی کردە لای خۆی. لەوێ دیار بوو کێشەکەی لێپرسی بوو، ئەویش وتبووی وەرە خۆم سزای دەدەم. پێشی وتبوو وەرە نووسینگەکەی من و پاش ماوەیەکی تر دەتکەمە بەڕێوەبەری نووسینگە. کە لەلای بەڕێوەبەری گشتی هاتەوە دڵی زۆر خۆش بوو. وتم: ها چی بووە وا بەکەیفی؟ وتی: چۆن بەکەیف نەبم بەڕێوەبەری گشتی داوای لێکردم بچمە نووسینگەکەی ئەو. وتم: بەخوا پێمباش نییە بچییە ئەوێ. وتی بۆ؟ وتم دوایی بۆت دەردەکەوێت.


## کارکردن لە نووسینگەی بەرپرس

(هێڤی ) بەردەوام دەبێ لە گێڕانەوەکەی و دەڵێ: سێ چوار رۆژی پێچوو (لەیلا) هیچ کێشەیەکی وەهای نەبوو. بووە دوو هەفتە، نیوەڕۆیەك (لەیلا) هاتە لام و بەپێکەنینەوە وتی (هێڤی ) وەرە کچێ قسەیەکی خۆشت بۆ بگێڕمەوە. وتم: خێرە، دەی بزانم چییە؟ وتی: ئەوێ رۆژێ بەڕێوەبەر بانگی کردمە ژوورەوە و وتی دەرگاکە داخە و هەندێ قسەی تایبەتیت لەگەڵ دەکەم. منیش سەرم سووڕما و دەرگاکەمم داخست. وتی: دەمەوێ ئەو قسانەی کە دەیکەم لە بەینی خۆمان بێ و کەس پێینەزانێتەوە. وتی لەڕاستیدا بەو ماوە کەمەی کە تۆم ناسیوە گەلێ شتی باشی تۆم بۆ دەرکەوتووە. من راستە تۆزێك لە تۆ گەورەترم، بەڵام ئەزموونم لە تۆ زیاترە باوەڕ دەکەم ئەو بڕیارەی کە داومە رازی بیت لەسەری زۆر قازانج دەکەی. وتم بڕیاری چی؟ وتی: بڕیارم داوە بێمە داخوازیت. منیش سەرم لە بڕیارەکەی سووڕما، چۆن پیاوێکی چل ساڵە داوا لە کچێکی بیستودوو ساڵەیی دەکات شووی پێبکات. وتم مامۆستا زۆر سوپاست دەکەم کە جێگەی متمانە و رێزی تۆم، بەڵام ناتوانم داوایەکەت قبووڵ بکەم. کە وام پێ وت رەنگی تێکچوو، رەتکردنەوەی داواکەی زۆر پێناخۆش بوو. هەر چۆنێك بێت ئیزنی دام بچمە دەرەوە.

## کێشەکانی (لەیلا) زۆرتر دەبن

(هێڤی ) بەبڕیارێکی وەزاری لەو فەرمانگەیە دەگوێزرێتەوە بۆ شوێنێکی دیکە و ئیدی ئاگای لە (لەیلا) نامێنێت. با لێرەوە گوێ لە (لەیلا) خۆی بگرین و بزانین بەسەرهاتی ئەو لەگەڵ بەڕێوەبەرە گشتییەکەی بەچی گەیشت. (لەیلا) بەم شێوەیە باسی خۆی کرد و وتی: دوای ئەوەی داواکەی بەڕێوەبەری گشتیم رەتکردەوە، لە رۆژی دواترەوە جەنابی بەڕێوەبەر بەبێ بایەخەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکردم، بەڵام هیچ جۆرە فشارێکی تری لێنەدەکردم. پێشتر پاداشتی جۆراوجۆری بۆ دەنووسیم کەچی ئەوانەی هەموو لێبڕیم. منیش دەنگم نەکرد و هیچ بەسەرخۆمدا نەدەهێنا. ئینجا کە دیتی ئەوانە سوودیان نییە ئەمجارە، پاداشتی لە جارانیش زیاتر بۆ دەنووسیمەوە. چەند جارێك پاش دەوام هێشتمیەوە و پاشان پاداشتی بەقەد نیوەی مووچەکەمی بۆم دەبڕیەوە. هێشتنەوەی پاش دەوام چەند جارێکی تریش دووبارە بۆوە. رۆژێکیان کە پاش دەوام مابووینەوە. وتی وەرە لە ژوورەکەی من کار بکە. منیش نەمزانی مەبەستێکی هەیە. لە ژوورەکەی ئەو مامەوە و ئەو کارانەم دەکرد کە ئەو داوای کردبوو. ئینجا دوای تەواوبوونی کارەکەی وتی: (لەیلا) دانیشە کارم پێتە. وتم: فەرموو کاری چیت پێمە من درەنگی ماڵەوەم، سەرەڕای وەزیفەی خۆم کاری زیاتریشم پێدەکەی. ئیدی کۆمەڵێك شتی لەو بابەتەم وت. وتی: ئەگەر حەز بکەی لەمڕۆوە ناهێڵم یەك کاری زیادە بکەی و پاداشتیشت زیاتر بۆ دەبڕمەوە. بەو مەرجەی بە داواکارییەکانی من رازی بیت. وتم: من ناتوانم شوو بە تۆ بکەم تەمەنمان لەیەکەوە زۆر دوورە. وتی: ئێ باشە بەبێ شوو کردن بێت. با بەنهێنی بێ شوو کردنەکە. پاشان کە زانی هەر رازی نابم وتی با پێوەندیمان بەیەکەوە هەبێت و کەسیش پێینەزانێ. پاش ئەو قسەیە بووە مشتومڕمان بە تووڕەیی هاتمە دەرەوە و فەرمانگەم بەجێهێشت. رۆژی دواتر نەچوومە دەوام. پاش دوو رۆژ ناردی بە شوێنما و چوومە ژوورەکەی و وتی ئەوەی لە نێوانماندا روویدا با لە نێوان خۆماندا بێ و کەس پێی نەزانێت. بەمجۆرە شتەکەمان بە نهێنی هێشتەوە. دە رۆژێکی بەسەر داچوو دووبارە دەستی پێکردەوە. ئەمجارە هەر لە ژوورەکەی خۆی کە خەریکی کاری فەرمانگە بووم هەر هێندەم زانی دەرگای ژوورەکەی داخست و دوای ماوەیەك کە غافڵ ببووم، لە پڕ لە پشتەوەڕا پڕی دامێ و توند بەخۆیەوەی کوشیم و کەوتە ماچ کردنم تا خۆم لە دەستی دەرهێنا خەریك بوو بخنکێم، پەرداخێکی شووشە لە سەر مێزەکەی بەردەمم بوو، دەستم دایە و لە تەپڵی سەریم دا. کە چاوم بەم دیمەنە کەوت یەکسەر دەرپەڕیمە دەرەوە. بەڕاکردن بەرەو دەرگای دەرەوە غارم دا. تەنیا مام حوسێنی پاسەوان لە ناو فەرمانگە بوو کە چاوی پێمکەوت وەها شڵەژاوم و لە من زیاتریش کەسێك لە فەرمانگە نییە واقی وڕما و وتی ها کچم چیبووە، ئەوە تۆ تا ئێستا لە ناو فەرمانگە بەم درەنگە وەختەوە چیتدەکرد؟ گوتم خەریکی کاری خۆم بووم و هیچ دەنگم نەکرد و رۆیشتم. بەیانی کە چوومەوە فەرمانگە کەس بە مەسەلەکەی نەزانیبوو ئەویش هیچ قسەی نەکرد و رۆژی دواتر نووسراوێکم نووسی و داوای واز هێنانم کرد و چوومەوە ماڵەوە و وازم لە فەرمانگە هێنا. پاش مانگێك لەم رووداوە ئەندازیارێك هاتە داوام و خوا کردییە نسیب و شووم کرد و ببڕای ببڕ جارێکی تر نەچوومەوە سەر وەزیفە.

ئامادەکردنی: دیارسالار



ئەگەر تەماشا بکەین لەدێر زەمانەوە پیاوان و کۆمەڵگە بەگشتی حەزیان لەکوڕ بووە، ئەوەتا لەلای عەرەبەکان بەر لەهاتنی ئایینی ئیسلام کچانیان زیندە بەچاڵکردووە و لەلای زۆر لەنەتەوەو خێڵەکان ڕێز بۆ کچ دادنەنراوە.

خودای گەورە ئەگەر منداڵبدات کوڕ بێت یان کچ وەك خەڵاتێك لەلایەن کۆمەڵگەوە تەماشا دەکرێت، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین زۆربەی کۆمەڵگە باوکسالارییەکانی ڕۆژهەڵات حەزدەکەن کوڕیان ببێت نەك کچ، چونکە کوڕ بەپیرۆزتر تەماشا دەکەن، ڕەنکە بۆ ئەمەش هەندێك بیروبۆچوون و هەندێك بیروباوەڕی تایبەتی هەبێت.

ئەگەر کوڕم ببێت، ئەوا هاوسەرەکەم زیاتر منی خۆش دەوێت، ئەمە باوەڕی خاتوو هاژەیە. ناوبراو وای دەبینی بوونی کوڕ لەناو یەك ماڵدا بوون و یەکپارچەیی ئەو ماڵە بەهێز دەکات و ناهێڵێت ئەو ماڵە تووشی لێکترازان و لەبەر یەك هەڵوەشان بێت، بۆیە


ژمارە (٨١٩) ■ ٢٠١١/٢/٢١

# بۆچی خێزانەکان حەزیان لەکوڕە؟

هەموومان حەزدەکەین کە کوڕمان ببێت، نــەك کچ. ئەگینــا وەك خۆمان دەزانین هەردووکیـــان پیرۆزن چ کوڕبێت چ کچ، بەڵام کۆمەڵگە کوڕی پێ خۆشترە.

خاتوو نیان ئەحمەد بوونی کوڕ بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە ئەگــەر ماڵێك کوڕیان بێــت یان کچیان ببێت، ئەوا ئازادن، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی پیاوان زیاتر حەزیان لەکوڕە، نــەك کچ. لەبەر ئــەوە ئێمەش حەزمان لێیە ببین بە دایکی کوڕان.

ئەگەر کوڕ نەبێت هاوســەرەکەم تەڵاقم دەدات، ئەمە قســەی خاتوونێکی تەمەن بیست و پێنج ســاڵان بوو وەك ئاماژەی پێدا کە ئەگەر کوڕ نەبێت هاوســەرەکەی ئەینێرێتەوە بۆ ماڵی باوکی، چونکە ئەم بەڵێنی پێداوە کە کوڕیـــان ببێت و لەبەر ئەوەی کە تائێستا هەر کچیان بووە، ئیتر ئەمجارەیان دەبێت کوڕبێت.

خاتـــوو گوڵاڵە ئەســـعەد وای دەبینی ئەگەر بەویســـتی ئافـــرەت خۆی بێت، حـــەزدەکات کـــە کچی هەبێـــت، بەڵام کۆمەڵگە بوون کوڕی فەرزدەکات، چونکە دایك حەزدەکات کەســـێك هەبێت یامەتی بدات نەك لەبەر ئـــەوەش کە کچان زیاتر هاوکاری دایکیـــان دەکەن، بەڵام کۆمەڵگەی باوکســـالاری زیاتر پیـــرۆزی دەداتە کوڕان بۆیە ئافرەتیش ناچارە بۆ لەبەبەر چاوگرتنی کۆمەڵگە بیەوێت کە کوڕی هەبێت.

دکتۆرە بیلاف وەك پزیشکێکی ئافرەتان ئاماژەی بەوەدا کە لەڕووی تەندروستییەوە ئافرەت هیچ رۆڵێـــك نابینێت لەوەی کە کوڕی ببێت یان کچ، چونکە لەئەنجامی یەکگرتنی کرۆمۆســـۆمەکان روودەدەن، بەڵام کۆمەڵگەی ئێمە چونکە تەقلیدی و خێڵەکیـــە، تەنیـــا تاوانەکە دەخاتە پاڵ ئافرەتەکە.

خاتـــوو شـــەپۆل وەك توێژەرێکـــی کۆمەڵایەتی ئاماژەی بەوەدا پێویســـتە هەموومان ئەوە بزانین کە بوونی کوڕ یان کچ هەردووکیـــان منداڵن خودای گەورە پێمان دەبەخشـــێت، بەڵام بوونی کوڕ کە زۆر پیـــرۆزی دراوەتـــێ دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی وشیاری تاکەکان کە نەیانتوانیوە خۆیان رۆشنبیر بکەن، هەر لەسەر نەریتی خێڵەکی مـــاون، چونکە نەریتی خێڵەکی پیرۆزی دەداتە کـــوڕان، نەك کچ. بۆیە ئافرەتـــان ناچارن کە کوڕیـــان ببێت بۆ ئەوەی لای هاوســـەرەکەیان و کۆمەڵگە خۆشەویست بن.

خاتوو هیرۆ حاجی اســـماعیل کەئێستا دایکی کوڕێکە ناوبـــراو وای دەبینی کە کوڕ بۆ کۆمەڵگای ئێمە زۆر پێویســـتە بۆ یە هەموو دایکان خـــەو بەوەو دەبینن کـــە کوڕیان ببێـــت لەجیاتی کچ چونکە کچ لەناو کۆمەڵگای ئێمەدا هیچ جۆرە نۆرمێکی کۆمەڵایەتی گرنگی نیەو تەنیا وەك هاوڵاتی پلە دوو تەماشا دەکرێت بۆ هەموومان کاتێـــك کەدەزانین کە دەبیـــن بەدایکی کـــوڕان زۆر دڵخۆشدەبین بەپیچەوانەوە کاتێك کەدەبین بەدایکی کچـــان خـــەم دامان دەگرێت.

خاتوو بەناز حەسەن عەلی کە ئێســـتا دایکی دووکچـــە رای پیچەوانـــەی هەبـــوو بـــەوەی کەکـــوڕو هەردووکیان مرۆڤـــن دیاریەکن لەلای خودای گەورەو میهرەبانەوە، ئەگەر منداڵەکەی کەدەتبێت کوڕبێت یان کچ ئەوا هەریەکەیان خۆشیەکی تایبەتی خۆی هەیە ئەگەر کوڕبێت دەبێتە پشـــت وپەنا ئەگەرکچیش بێت هاوکاریمان دەکات بەهەرحاڵ هەردووکیان

وەك خەڵاتێـــك لەلایەن خودای گەورەو پیمان بەخشـــراون، بەڵام ئەوجیاوازیە ی کەهەیـــە بۆبوونی کوڕ یـــان کچ لەلایەن کۆمەڵگاوە دروستکراوە چونکە کوڕلەلایەن کۆمەڵگاوە بەهێز وتواناوە تەماشا دەکرێت بەڵام کچ بە رەگەزێکی ناسك بیبهێز.

بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین کە زۆربەی کۆمەڵگاکانـــی مرۆڤایەتـــی بەتایبەتی کۆمەڵـــگا باوکســـالاریەکانی رۆژهەڵات حەزدەکـــەن کوڕیان ببێت نەك کچ چونکە کوڕ بەپیرۆزتر تەماشا دەکەن .

بوونی کوڕبۆ نۆرمە کۆمەڵا یەتیەکان دەگێڕێتـــەوە ئەمەباوەڕی خاتـــوو نیهال ئەحمـــەدە کەناوبـــراو ئامـــاژەی بەوەدا کەزیاتر لەناو کۆمەڵـــگا رۆژهەڵاتیەکان وبەتایبەتـــی کۆمەڵـــگای کـــوردەواری کورپیـــرۆزی خۆی هەیـــە لەبەر ئەوەی کەئەم کۆمەڵگایانـــە حەزدەکەن خاوەنی هێزبن و هەمیشـــە بەهێزە باس لەشتەکان بکەن چونکە کۆمەڵگای ئیمە کارتیکراوە بەکۆمەڵگای عەرەبی کەکۆمەڵگایەکی خێللەکی بـــووە بەدرێژای مێژوو تەنانەت عەرەبکان بەر لەهاتنـــی ئاینی پیرۆزی ئیســـلام کچیان زیندەبەچاڵدەکرد و هیچ ریزێکیان بۆکچان دادەنەدا بۆیە ئەم نەریتە لەئەنجامـــی هاوســـێیەتی وتیکەڵاوبوون تیکەڵ بەئێمەش بووە .

ئەگەر کورم نەبێت ئەوا هاوســـەرەکەم تەلاقـــم دەدا، ئەمەبـــاوەڕی خاتوو هەناو ئەحمەدە کەئێستا چاوەڕوانی کۆرپەلەیکی کورە،ناوبـــراو وای دەبینی بوونی کۆربۆ ئافرەت زۆرباشە رۆلی ئەو ئافرەتە لەناو ماڵدا بەهێز دەکات لەلایەکی ترەوە ئەگەر ماڵێك کوریانبێت تەبای لەناو ئەوماڵەدا دروست دەبێت ئەوکۆرپەلە کورە یەکپارچەی ئەو ماڵە بەهێز دەکات ناهێڵێت تووشـــی لیکترازان بێت بۆ هەموو مان حەزدەکەین کەکورمانبێت .





نیوەڕۆی لێدەهات نەخۆشـــخانە بەرەو چۆڵبـــوون دەچـــوو، هەموو پزیشـــك و کارمەندانـــی نەخۆشـــخانە کارەکانیان بەجێدەهێشت و دەڕۆیشتنەوە بەرەو ماڵ، نەخۆشـــەکانیش لە چاوەڕێی ڕەحمەتی خـــودای گـــەورە و تاکو تەنیـــا بوون و هاوکارەکانیان نەیاندەزانی کاتێك کە باری تەندروستی نەخۆشەکەیان تێك دەچوو روو لەکۆێ بکەن و هانایان بۆکێ بەرن، ئەمە بەسەرهاتی نەخۆشێك و هاوکارەکەیەتی لە یەکێك لە نەخۆشـــخانەکانی شـــاری هەولێردا بردیانەسەر.

ئێوارەیەکیان دایکی ســـۆلین تووشی نەخۆشیەکی کوشـــندەهات و رووبانکردە هەمـــوو نەخۆشـــخانە تایبەتییەکانـــی شـــاری هەولێر، بەڵام لـــە هیچکامیان شوێنێکیان بۆ حەوانەوەی نەخۆشەکەیان دەســـت نەکەوت لەبەر ئـــەوە روویانکردە نەخۆشخانەیەکی حکومی و ناچار لەوێ خەواندیان، چەند رۆژێك لەو نەخۆشخانەیە لەبەشی فریاکەوتنی خێرا مانەوە، بەڵام دواتر ناچاریان کردن کە رووبکەنە یەکێك لەنهۆمـــە بەرزەکانی ناو نەخۆشـــخانە، ئەمانیش وەك هەموو نەخۆشەکان روویان کردە یەکێك لەو قاوشانەی کەتەنیا بەناو بەنەخۆشـــخانە هەژماردەکرێـــت، بەڵکو هیـــچ جـــۆرە نۆرمێك و پرانســـیپێکی نەخۆشـــخانەی تیـــادا نەبـــوو. لێرەوە کارەساتێکی غەمگیناوی بۆ هاوکاری نەخۆشەکە دەستی پێکرد کاتێك کە دایکی باری تەندروستی تێکدەچوو ناچار دەبوو داوا بکات کە پزیشـــکی ئێشـــکگر بێت بۆ چارەسەری، بەڵام پزیشکی ئێشکگر هیچ ســـەردانێکی نەدەکـــردن و بەهیچ شـــێوەیەك لەهیچ کام لەنەخۆشـــەکانی نەدەپرسیەوە، هەر لەدوای کاتژمێر (٢)ی نیوەڕۆوە پزیشـــکی ئێشکگر دەچوو خۆی لـــە ژووری تایبـــەت بەخۆیاندا دەنووســـت یان تەماشـــای تەلەفیزیۆنە تایبەیەکـــەی خۆی دەکـــرد، بەهەرحاڵ دەرگای دادەخست بەرووی نەخۆشەکاندا و کەس فریای دایکی سۆلین نەدەکەوت کاتێك کە باری تەندروســـتی تێکدەچوو، بەڕاســـتی رۆژگارێکـــی ناخۆش بوو، سۆلین چاوەڕێی فریادڕەسێکی خەیاڵی بـــووە وەك ئـــەو فریادڕەســـە وەهمیەی کەلەنـــاو لەفلیمەکانـــدا پەیـــدا دەبێت کەســـێکی نوقوم بوو لەناو ئاودا رزگار بـــکات، تۆبڵێی لەجیهانـــدا ئەم هەموو زانا بلیمـــەت و بەناوبانگەی ئەوروپا و رۆژهەڵاتی ئاسیا کە هەوڵدەدەن ئاژەڵێك



# بەسەرهاتی نەخۆشێک

یـــان زیندەوەرێکی ورد لەمـــردن رزگار بکـــەن، هەوڵنـــادەن فریای نەخۆشـــێك بکەون لە وڵاتێکی جیهانی سێیەمدا کە چاوەڕێی ئەوەیە چارەسەرێکی سەرەتایی بۆبکەن و لە مـــەرگ رزگاری بکەن، بـــەڵام ئەمە روونـــادات لەبـــەر ئەوەی کەزیندەوەریان گیاندارێکن کە لە ئەوروپا دەژین و لەرووی تەندروستیەوە زۆر زیاتر جێگەی بایەخدەبێـــت لە مرۆڤێك کە لە وڵاتیکی جیهانی ســـێیەمدا ژیان دەباتە ســـەر، چونکە ئەو بـــارە ماددییەی کە ئەمڕۆ کۆمەڵگەی ئێمـــەی هەژاندووە وای لەهەموو کەسێك کردووە کە بەهانای نەخۆشـــێکەوە نەچێت کەپێویســـتی بە چارەسەرە.

کە شەو دادەهات هۆڵی نەخۆشخانەکە تەواو کپ دەبوو، بەجۆرێك کەس نەدەما و دەنگ و ژاوەژاوی رۆژ هەمووی هێور دەبۆوە تاوە ناتاوێك نەخۆشـــێك گیانی دەبەخشی و خێرا وەك ئەوەی بەکتریایەك بێت هەر زوو لەنەخۆشـــخانەکە رەوانەی دەرەوە دەکـــراو دەنێـــردرا بۆمزگەوتەکان بۆئەوەی تەرمەکەی بشـــۆن و رەوانەی سەر قەبرانی شار بکرێ تا لەوێوە رەوانەی جیهانێکی نوێ دەکرێت کە تائێستا کەس نازانێت چۆنە ئەژین و چۆن ناژین.

دایکی ســـۆلین رۆژ لـــەدوای رۆژ باری تەندروستی بەرەو خراپبوون دەچوو تەنانەت کار گەیشـــتە ئەوەی کەهەموو پزیشکەکان بەمردوو حســـابی بۆبکەن، بەڵام ئەمجارەشـــیان نەمـــرد هاتەوە ناو دنیای مرۆڤایەتی، بەڵام پاش ماوەیەك بەیانییەك لەپڕێکدا باری تەندروســـتی تێکچوو، ئەوەبوو هەرچی پزیشـــکی ناو ئەمشارەهەیە گەڕان، کەسیان ئامادەنەبوون بیبینن و چارەســـەری خێرای بۆ بکەن، هەموو پزیشـــکەکان ئەوەندە نەخۆشـــیان بـــۆ نووســـرابوو کەســـیان ئامادەنەبوون چارەســـەری بکەن، تەنانەت پزیشـــکی سۆنارەکە ئامادەنەبوو تەماشای ئامێری ســـۆنارەکە بکات لەکاتـــی ئەنجامدانی کارەکەیدا، هیـــچ جۆرە زانیاریەکی نەدا لەئەنجامدا نەخۆشەکەیان رەوانەی لای ئەویتر دەکرد، ئەمە بێجگە لەقەرەباڵغی ئێوارانی شـــەقامی پزیشـــکانی هەولێر کەبووە هۆی بێزاربوونی نەخۆشـــەکە تا لەئەنجامدا کاتژمێر دەی شـــەو کۆچی دوایـــی کرد. ئەمـــە بەســـەرهاتنێکی غەمگینایی بـــوو کە لەشـــارەکەماندا روویدا.

# ئەو کچەی کە نەمانی باوک...

**خوێنەری ئازیز ئەم بەسەرهاتە رووداوێکی راستەقینەیە کە لە شاری هەولێر روویداوە، وەک ئامۆژگارییەک بۆتان باس دەکەین و ئەو کچە ناوێکی خوازراومان بۆ هەڵبژارد تاوەکو نەناسرێتەوە.**

**ئا:دیار سالار**

من لەخێزانێکدا دەژیام لەگەڵ باوکم و دایکم و دووخوشکم و برایەکمدا، باوکمان پیشەی کاسب و دایکیشم مامۆستابوو، باری ئابووریمان زۆر باش بوو، چونکە باوکمان داهاتێکی باشی دەست دەکەوت کە ژیانێکی باشی بۆهەمووومان دابین کردبوو، تابڵێی رۆژگارێکی خۆشمان دەبردەسەر و رۆژانە باوکمان دەیبردینە شوێنە گشتییەکان و ئێمەش هەمووومان فێری دەستبڵاوییەکی زۆر ببووین کە پارەمان زۆر بەبێ بەرنامە سەرف دەکرد.

رۆژێك لەرۆژان کاتێك کە لەقۆناغی یەکەمی کۆلێژ بووم، باوکم تووشی نەخۆشییەکی کوشندەبوو کە توانای کارکردنی نەماو زۆربەی داهاتەکەشی خەرجکرد بۆچارەسەر کردنی و تەنانەت دوکانەکەشی فرۆشت و قەرزی زۆری کرد بەمەبەستی چارەسەرکردنی، بەڵام بێسوود بوو تا لەئەنجامدا دووساڵ لەمەوبەر کۆچی دوایی کرد، دوای نەمانی باوکم ناچاربووم کە واز لە خوێندن بهێنم بۆئەوەی ئەو قەرزانەی کەلەسەرمان بوو پڕی بکەمەوە و بتوانم ژیان و گوزەرانی خێزانەکەم دابین بکەم، بەهۆی برادەرێکی باوکمەوە کارێکم دۆزیەوە لەیەکێك لە کۆمپانیاکاندا بومە سکرتێرەی بەڕێوەبەری کۆمپانیاکە توانیم لەمکارەدا تاڕاددەیەك باری ئابووری خێزانەکەمان باش بکەم و خزمەتێك بە خوشەکانم و برا بچکۆلانەکەم بکەم، بەڵام لێرەوە گرفتێکی تر رووبەڕوومان بۆوە، ئەویش قسەو قسەلۆکی خەڵکی بوو کە تیل و توانجیان تێدەگرتین و گاڵتەیان بەمن و دایکم دەکرد لەبەر ئەوەی کە باوکمان سەرمایەداربووە ئێستا کچەکەی وازی لە خوێندن هێناوەو کاردەکات، بۆیە دایکیشم داوای لەمن کرد واز لەکارەکەم بهێنم، ئەوەبوو وازم لەکارەکەم هێناو دوای ماوەیەك یەکێك لەبرادەرەکانی باوکم هات داوای منی کرد بۆ کوڕەکەی کە ئەگەر من شووی پێبکەم، ئەوا ئەو ماڵی باوکم بەخێودەکات و منیش یەکسەر رازی بووم و چوومە قەفەزی هاوسەرگیرییەوە، بەڵام خۆزگە قەد رازی نەبوومایە، چونکە هاوسەرگیری نەبوو، بەڵکو مامەڵەیان لەگەڵ مندا وەك خزمەتکارێکی ئەسیوبی وابوو، هاوسەرەکەم رۆژانە پێی دەوتم کە منیان وەك



# ـــی وێڵ و سەرگەردانی کرد

کارەکەرێك راگرتـــووە نەك وەك ژنێك، هەمـــووکاری ماڵەکەیان پێدەکـــردم بێجگە لەوەی کە رۆژانە لێـــی دەدام و وەك ئاژەڵێکی دەستەمۆ مامەڵەی لەگەڵ دەکردم، دەبوو هەتا نیوەشەو چاوەڕێی بکەم و نابێت بخەوم هەتا دەگەڕێتـــەوە، ئەویش درەنگانی شەو بەسەرخۆشی دەگەڕایەوە



بۆماڵەوە، تەنانـــەت کاتێـــك کەدەرگام لـــێ دەکردەوە ئەوەنـــدە دڕندەبـــوو دەمی بەقسەی ناشـــرین دەکردەوە و بەسەرخۆشـــی لێی دەدام و ئـــازاری زۆری دەدام، تەنانەت بۆی دەستنیشـــانکردبووم دەمتوانی لە حەفتەیکدا تەنیا یەك جار سەردانی ماڵـــی باوکم بکـــەم و دەبوایە ئێـــواران نان بۆخۆی و ســـەرجەم برادەرەکانـــی ئامادەبکەم، تالەئەنجامدا ناچاربـــووم هەڵهاتم و رووملکردە ئەم جێگەیـــە کەهەندێك کەس بە لەشفرۆشـــم دەزانێت، ئێســـتا چاوەڕێم رۆژێك لەرۆژان لەو دڕندەیە رزگارم بێت.

من وەك توێژەرێکی کۆمەڵایەتی لەم بەسەرهاتە راستەقینەیەدا چەن ئامۆژگارییەکم هەیە.

١ـ مرۆڤ نابێت دەســـتبڵاو بێت، دەبێـــت کاتێك کە پارەمان زیادبوو پاشەکەوتی بکەین بۆ رۆژانی رەش.

٢ـ نابێـــت کاتێك لەشـــوێنێك دا ئافرەتێك کاردەکات کۆمەڵگـــە تیل و توانجی لێبـــدات، ئەگەر تیل و تولانجی لێدا، نابێت ئەو بەسەر خۆی بهێنێت، بەڵکو دەبێت خۆڕاگربێت.

٣ـ هاوسەرگیری گرنگترین و نایابترین پرۆسەیە لە ژیانی تاکدا، بۆیە دەبێت زور بەوردی هەنگاوی بۆ هەڵبنێن.

# ئینتەرنێت وکێشەو گیرو گرفتەکانیان

**ئینتەرنێت یەکێکە لە ئامێرە تەکنۆلۆژییەکان کەئەمڕۆ لــە گشــت پارچەکانــی جیهانــدا لەئەنجامــی شۆڕشــی تەکنۆلۆژیدا بڵاو بۆتەوە.**

**بێگومان لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا ئینتەرنێت وەک گشــت پارچەکانی جیهان دا لە هەرێمی کوردستاندا بڵاو بۆتەوە و ژمارەیەکی زۆر لە لاوان بەشێوەیەکی زۆر سەرنج راکێشانە ئالــوودەی ئینتەرنێت بوون، تەنانەت هەندێک لە لاوان ناتوانن بۆماوەیەکی کەمیش لێی دووربکەونەوە، گەلێگ دەرئەنجامی ئیجابی و سلبی هەیە، شایەنی وتنە ئەوەی ئەرکی سەرەکی منە لەم ریپۆرتاژەدا ئاماژە بەوەبدەم کە تاچەند ئینتەرنێت کێشــەو گیروگرفتی بۆ کچان دروست کردووە لەکاتی چاتکردندا:**

**ئا: دیار سالار**



سەرەتا خاتوو شنۆ، کوڕانی بەوە تاوانبارکرد کە دەبنە هۆی ئەوەی کە ئینتەرنێت بەلایەنی خراپــدا بەکاربێت لەبەر ئــەوەی کەچەندین جــار کــوڕان لەکاتــی چاتکردنــدا داوای وێنەیان لێکردووە و ناوبــراو ئاماژەی بەوەدا کە کوڕیك ماوەی دووســاڵ چاتی لەگەڵدا کــردووە بەڵێنی پێداوە کە دەبێتە هاوســەری و قسەی ســۆزداری لەگەڵ کردووە تەنانەت داوای وێنەی لێکردووە، بەڵام دواتر وێنەکانی لە نــاو ئینتەرنێتدا لەنــاو ماڵپەڕەکاندا بڵاو کردەوە کەئەمەش کارێکی ناشایستەیەو دوورە لەبەهاکانــی مرۆڤایەتــی و تەنانەت دوورە لە هەموو بەهاکانــی مرۆڤایەتی کەئەمەش لەلای زۆربەی کوڕەکاندا شتێکی ئاساییە کە وێنەی کچان بڵاوبکەنەوە.

هێــرۆ حەســەن وای دەبینــی کەئەو کوڕانــەی ئەوکارە دەکەن

وەك ئاژەڵێکی دڕندە وەهان، چونکە کچەکان بە خۆش باوەڕی خۆیـان باوەڕیان پێدەکەن، چونکە کوڕەکان سەرەتا لەکچەکان دەپاڕێنەوە تا یەکتری بناسـن داوای خۆشەویسـتیان لێدەکەن و بەڵێـن دەدەن کە دێن و دەیانخوازن بەقسەو بەڵێنی بریقەدار وا لە کچەکان دەکەن کە متمتنەیان پیبکەن ودواترکچەکان وێنەیان بۆدەنێرن کەچی ئەوان دەچـن بەناو مۆبایل و ئینتەرنێتـدا بڵاوی دەکەنـەوە کەئەمەش دووره لەبەهاکان بەڕاسـتی کارێکی ناشرینە، خاتوو ڤیـان عەبدولـرەزاق وەك توێژەرێکی کۆمەڵایەتی وای دەبینی سـەرهەڵدانی ئەم دیاردەیە لە شـارەکانی هەرێمی کوردستانداو بەتایبەتی لەشاری هەولێر زۆر نوێیە ماوەی چەند سـاڵێکە بەم شـێوەیە بـە بەربڵاوی سـەری هەڵداوە دەتوانم بڵێم لە ساڵی ٢٠٠٨ بەدواوە ئەمە دیاردەیە زۆر تەشـەنەی کرد، ناوبراو هۆکاری تەشەنەکردنی ئەم دیاردەیەی لەشاری هەولێر بەم شـێوە خێرایە بۆ چەند هۆکارێـك گێڕایەوە لەوانە لەدوای سـاڵی ٢٠٠٨ هەڵاوسـانێکی گـەورەی ئابووری لەشـاری هەولێردا دروسـت بوو سەروەت و سـامان و پارە بەشێوەیەکی بەربڵاو لەلای چەند چینێـك پەیدابـوو، لەئەنجام دا چینێکی نوێ لەسـەرمایەداران پەیدا بـوون کەمنداڵەکانیـان بەتایبەتی کوڕەکانیان هەندێك ئامێری وەك مۆبایل و ئینتەرنێتیان کەوتە دەسـت کە بـۆکاری ترسـناك و ناوزڕاندنـی کچان بـەکاری دەهێنن و واتە چینێك لەگەنجـەکان سـەریان هەڵداوە کە هیچ جـۆرە زانیارییەکیان نییە سـامانێکی بێشـوماریان لەبەردەسـتدایە، بەڵام ناتوانن بۆکاری بەسـوودو بەکەڵك بـەکاری بهێنن، بەڵکـو بەزیان لێدان بۆخەڵکـی تر بەکاری دەهێنن، چونکە ئەم گەنجانە هەست بە جۆرە نامۆبوونێکی رۆشنبیری دەکەن لەبەر ئەوەی کەهیچ جۆرە زانیارییەکی رۆشنبیریان نییەو کاتێکی زۆریان لەبەردەستدایە و خۆیان لەناو ئەو خێزانانە کە هەڵسـووکەوتی کچەکانیان زۆر دەستنیشـانکراوەو ژیانی ئافرەت لەلای ئەو جۆرە خێزانانە زۆر سانسۆری لەسەرە بۆیە کاتێك کچێك دەبینـن کەخاوەنی ئازادییەکی زۆر بێت و لەئینتەرنێتدا چاتیان لەگەڵ بکات وادەزانن کە ئەو کچە کەم رەوشتە.

هێمن عەلی کە یەکێکە لەو گەنجانەی کە زۆربەی کاتەکانی تەمەنی لەناو چات کردندا بردۆتەسەر وای دەبینی کە ئەو کچانای لەناو ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێتدا وێنەیان بڵاودەبێتەوە خۆیان تاوانبارن، چونکـە دەتوانن وێنەکەیان بـۆ ئەو کـوڕە نەنێرن کـەداوای وێنەکەیان لێـدەکات، بۆنمونە ناوبراو ئامـاژەی بەوەدا زۆر جار لەکاتـی چاتکردنی ناو ئینتەرنێتدا کەوتۆتە ئەوینداری لەگەڵ کچاندا زۆربەی جارەکان کچـەکان وێنەیان بۆناردووە هەندێك کچ وێنەی ئاسـاییان بۆنـاردووە و هەندێك کچ وێنەیـان بۆ ناردووە بـەڕووت و قوتی جلوبەرگیان لەبـەردا نەبووە کەئەمەش خۆی لە خویدا ئەوە دەردەخات کە ئەوکچانە خەتای خۆیانە ئەگەر ئەو وێنەیان بڵاوبێتەوەو دەست خەڵکی کەوێت لەبەر ئەوەی کەئەوکچانە زۆر باش دەزانن کەئەو کوڕانە بۆ کات بردنە سەر قسـەیان لەگەڵدا دەکـەن و تەنانەت زۆریان خاوەنـی ژن و منداڵـن، کەچی ئەوان وێنەیان بۆدەنێرن و قسـەیان لەکەڵ دەکـەن کەئەمانـە هەمووی دەوەستێتە سەر کچەکە.

هاوار حەسـەن وتی ئەو بەقسەی خۆش و بە پاڕانەوە وا لەو کچانەی بەرامبەری دەکات کە باوەڕی پێبکەن کە بەڕاسـتی خۆشـی دەوێن دێت بۆداوایان و وێنەی بۆبنێرن، ناوبراو وتی سـەدەها وێنەی کچم لەبەردەسـتدایە کـە هەموویان بۆ نـاردووم و هەیانە بەجلی نووسـتنەوە هەشیانە بەجلی دەرەوە و کچەکان نازانن من تەنیا بۆ کات بەسـەربردن وادەکەم و هیچ جۆرە ئارەزوویەکـم بۆ هێنانیان نییە تەنیا مەبەستم رابواردنە پێیان، ناوبراو ئەووەی خسـتەروو کە کچان هۆکارێکی سەرەکین بۆ سـووککردن و زڕاندنی ناوی خۆیان ئەگینا ئەگەر ئەوان وێنەمان بۆ نەنێرن، ئێمە ناتوانین بڵاوی بکەینەوە.

من لەکۆتایدا وەك توێژەرێکی کۆمەڵایەتی هەندێك شیکردنەوەم لەسەر ئەم بابەتە هەیە:

١. ئینتەرنێت وەك ئامێرێکی تەکنۆلۆژی سوودێکی زۆری هەیە دەتوانرێت بە بەردەوامی ببێتە سەرچاوەی کەلك و زانیاری کارئاسانی بۆتاکەکان بکات و بتوانرێت ببێتە گەورەترین کەلك بە مرۆڤایەتی ببەخشێت، بەڵام جێگەی داخە لەکوردسـتاندا تەنیا لایەنە سلبییەکانی بەکارهێنـراوە بۆ ناوزڕاندن و سـووککردنی کەسی بەرامبەر.

٢ـ پێویسـتە سـەرجەم ئافرەتان لەکاتی چاتکردنـدا زۆر ئاگاداری خۆیان بن نەهێڵن کەناونیشانیان سـووك بکرێت بەوەی متمانە بەهەموو جۆرە کوڕێك نەکەن و وێنەی خۆیان بۆهیچ کوڕێك نەنێرن.

٣ـ پێویستەدەزگا پێوەندی دارەکان هەوڵبدەن سـزای ئەوکەسـانە بدەن کە سـووکایەتی بەئافرەتان دەکـەن و وێنەو ژمارە تەلەفۆنیان بڵاودەکەنەوە.

٤ـ ئەرکـی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییـە کـە هەوڵبـدەن هەڵمەتێکـی رۆشنبیرکردن دەست پێبکەن بۆ بەرگرتن لەم دیاردەیە.



# ئافرەتان کەمتر سەردانــــــی

لــە زۆربــەی شــارەکانی هەرێمی کوردســتاندا ڕێژەیەکــی بەرچــاو لە مەلەوانگــەی پیاوان هەیــە، بەڵام بە بــەراورد بەمەلەوانگەی ژنــان کەمە، ئەوانەی کە هەشن، ڕێژەیەکی زۆر کەم لەئافرەتان ســەردانی دەکەن. هۆکاری نەچوونــی ژنــان بــۆ مەلەوانگەکان گەلێکن، هەربۆیە لەم ڕیپۆرتاژەدا تیشك دەخەینە ســەر ئەو خاڵەی بۆچی ژنان کەمتر سەردانی مەلەوانگەکان دەکەن.

(کــە دەچــووم بۆمەلەوانگە لەلایەن برادەرە کچەکانمەوە ڕەخنــەم لێدەگیرا) ئەمە بۆچوونــی خاتوو هاژە تایەر بوو، ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کە ئەو زۆر دەمێکە نەچۆتە مەلەوانگە، چونکە بەڕای ناوبراو ئەگەر کچێك بچێت بۆمەلەوانگە، ئەوا لەلایەن خەڵکــەوە تیروتوانجی لێدەدەن، چونکە تا ئێستا کۆمەڵگەی کوردەواری نەگەیشــتۆتە ئەو ئاستەی کە تێبگات کــە کچانیش دەبێ بچنــە مەلەوانگە. من کەدەڕۆیشتم بۆ مەلەوانگە دەمدیت لەنزیك مەلەوانگەکەوە کوڕ دوام دەکەون و تیروتوانجم لێدەدەن و هەندێك جار قسەی ســووکیش دەکەن. بێجگە لەوەی کچە دراوسێکانیشمان پێم دەڵێن چۆن دەچیت بۆ مەلەوانگە و خۆت ڕووت دەکەیتەوە، ئەمە نابێت بۆتۆ لەبەر ئەوەی کە لەگەڵ دابونەریتی وڵاتەکەمانــدا ناگونجێت. ئیتر من لەبەر ئەم کێشانە بڕیارمدا چیتر نەچم بۆ مەلەوانگە، چونکە تاکەکانی لای ئێمە بــە ئافرەت ڕەوا نابینن بچێت بۆمەلەوانگە.

(بەهــا کۆمەڵایەتییــەکان ڕێگرن لەچوونمــان بــۆ مەلەوانگــەکان) ئەمە بۆچوونی خاتوو ئیلهام عەلی خاڵس بوو، ناوبراو وای دەبینی ئاســتی ڕۆشنبیری نــاو تاکەکانــی ئێمە نەگەیشــتۆتە ئەو ڕادەیەی کە ڕێگە بە کچان و ژنان بدرێت بەئارەزووی خۆیان، کاتەکانیان بەرنەسەر. لەبەر ئــەوەی نەریتــە کۆمەڵایەتییەکان لەناو ئێمــەدا زۆر زاڵن بوونەتە بەشــێك لەژیانمــان. مــن بەر لــەوەی بچمە ناو پرۆســەی هاوســەرگیرییەوە لە هەموو هەفتەیەکــدا دەچووم بۆ مەلەوانگە، بەڵام ئێستا دوای ئەوەی بوومەتە دایك ناچارم نەڕۆم، چونکە هاوسەرەکەم ڕێگرە لەوەی کە بچم.

(برادەرەکانی مێردەکەم پێیان ناخۆشبوو من بچم بۆ مەلەکردن) ئەمە قسەی خاتوو ئاهەنگ ئەحمەد بــوو، ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کە سەرەتا هاوسەرکەم پێی ناخۆش نەبوو بچم بۆ مەلەکردن، بەڵام دواتر ڕێگری لێکــردم، چونکە برادەرەکانــی گاڵتەیان پێکردبوو، لەبەر ئەوەی کەمن چووم مەلەم کــردووە، هەموو جارێــك دوای هاتنەوەم لە مەلەوانگە گلەیــی لێدەکردم و دەیــوت، برادەرەکانم وتوویانە چۆن ژنەکەت چۆتە مەلەوانگە. من زۆر باش دەزانم کــە مێردەکەم منی خۆشدەوێت، بەڵام لەبەر ئەوەی برادەرەکانی زۆر هەراســانیان کردووە ئیتر ئەمە ژیانی ئێمەیــە، ئیتر چۆن بتوانیــن بەئارەزووی خۆمان مامەڵە بکەین، چونکە کۆمەڵگە هەمــوو شــتەکانی ئێمەی دەستنیشــان کردووە.

(مەلەوانگــەکان پاکــو خاوێن نین)، ئەمە بۆچوونــی خاتوو چیا کاوان-ـە کە بەرای خــۆی زۆر حەزی لەمەلەکردنە و بە بەردەوامیش دەچێت بۆ مەلەوانگەکان، بەڵام ڕایوایە کە مەلەوانگەکانی ناوشاری هەولێــر هیچیان زۆرپــاك و خاوێن نین، بەتایبەتــی ئــەو مەلەوانگانــەی کــە بۆئافرەتان دانراون. زۆر بە پاك و خاوێنی ڕاناگیرێــن، لەبەر ئەوە من هەوڵدەدەم زۆر کــەم بچم بۆ مەلەوانگــەکان و هیوادارم لەداهاتوویەکــی نزیکــدا مەلەوانگەی پێشکەوتوو و پاکوخاوێن بکرێتەوە.

(زۆر ئارەزووی مەلەکردن دەکەم هەرچەندە ڕێگەشــم لێبگرن)، ئەمە بۆچوونی خاتو نیهال عەبدولکەریمە. خاتوو نیهال پێیوایە کەڕێژەیەکــی بەرچــاو لەکچانی کورد ئارەزووی مەلەوانــی دەکەن، بەڵام کەس هاوکارییان ناکات و ڕێگریان زۆرە. ناوبراو وای دەبینی ئەگەر تەماشــای ڕێگرەکان بکەیــن، دەگەینە ئــەو ئەنجامانەی کە ئەو کچانــەی مەلەوانی دەکەن زۆر ئازاو چاپوکن، چونکــە ڕێگرەکان زۆرن هەر لەتیروتوانجــی خەڵکەوە، تــا نەبوونــی مەلەوانگەی



# ـــــى مەلەوانگە دەکەن

باش. جگەلەوەش گرانی نرخەکان ئەمانە هەمـــووی ڕێگرن، بەڵام ســـەرەکی ترین هۆکار کە بۆتە هۆی ئەوەی کە ڕێژەیەکی کەم کچان ســـەردانی مەلەوانگەکان بکەن دەگەڕێتـــەوە بۆئـــەوەی کـــە خەڵك زۆر هەراسانمان دەکات. لەوکاتەی دەچین بۆ مەلەوانگە. هەرچەندە من خۆم گوێم بەوە نەداوە، جار هەبووە بەدرێژایی ڕێگا کەسانی نەفس نزم دوام کەوتوون و توانجیان لێداوم، چونکە دیویانـــە لەمەلەوانگە هاتوومەتە دەرەوە.

(نەبوونی مەلەوانگەی تایبەت بەئافرەتان گەورەترین کێشەیە)، ئەمە بۆچوونی خاتوو هێلین بوو، ناوبراو وای دەبینی هەتا ئێستا لەشـــارەکانی کوردستاندا مەلەوانگەیەکی تایبەت بەئافرەتان نەکراوەتەوە، لەکاتێکدا زۆر پێویستە، چونکە مەلەوانگەی تایبەت بەئافرەتان جۆرە مۆرکێکی تایبەتی هەیە، واتـــە دەتوانم بڵێم بەشـــی هـــەرە زۆری ئافرەتان بۆیە ناچن بۆ مەلەوانگەکان لەبەر ئەوەی هیچیـــان تایبەت نین بەئافرەتان و هەموویان بەرۆژ بۆ ئافرەتانن و بەشەوان بۆ پیاوانن، یان ڕۆژەکانی هەفتە دابەشکراوە، ڕۆژێك بۆ ژنان و ڕۆژێك بۆ پیاوان، ئەمە گەورەترین کێشەی ئێمەیە، من حەزدەکەم مەلەوانگەیەکی تایبەت بەخۆمان هەبێت ئەوسا ئامادەم هەموو ڕۆژێك بچم.

خاتـــوو لەیلا ســـەمەد گرانـــی نرخی مەلەوانگەکانـــی بە هۆکاری ســـەرەکی زانی بۆ ئەوەی کەمترین ڕێژەی ئافرەتان ڕوو بکەنـــە مەلەوانگـــەکان، ناوبراو وای بەباش دەزانی کەپێویســـتە مەلەوانگەکان نرخەکانیـــان هەرزان بکرێـــت و بەجۆرێك بێت هەموو کەسێك بتوانێت بچێت، لەبەر ئەوەی نرخی هەندێك لـــە مەلەوانگەکان زۆر بەرزە وادەکات کە کچان نەتوانن بچن، بەپێچەوانەوە ئەگەر نرخەکان گونجاو بن، ئەوا هەموو کچان یان بەشـــی هەرەزۆریان دەچـــن بۆ مەلەوانگە، لەبـــەر ئەوەی کە مەلەکـــردن بێجگە لـــەوەی ئارەزوویەکی کەسییە، سوودێکی زۆر گەورەی هەیە بۆ باری تەندروستی هەموو تاکەکان و دەبێتە هـــۆی ئەوەی کە لەش و لارێکی جوانمان بۆ دروستبکات.

خاتوو هودا زەنگەنـــە وەك قوتابییەکی زانکۆ ئاماژەی بەوەدا کە مەلەوانگەکانی ناوشـــاری هەولێر زۆر دوورن، پێویســـتە هەوڵبدرێـــت مەلەوانگـــەکان نزیکبـــن لەشـــوێنی نیشـــتەجێبوونەوە، بۆ نموونە ســـەنتەری بلوو کە مەلەوانگەیەکی زۆر ڕێکوپێکـــی لێیە بۆئافرەتـــان، بەڵام زۆر دوورە. ئەگەر مەلەوانگەیەکی لەو شێوەیە لەناوشـــاردا هەبوایە زۆر باشـــتربوو، واتە دووری مەلەوانگەکان زۆر کێشەی بۆمان دورستکردووە، بەتایبەتی ئەگەر سەیارەی خۆمان نەبێت، چونکە هەموومان دەزانین کە ئەگـــەر ئافرەت چوو بۆمەلەوانگە، وا باشترە نزیك ماڵی خۆی بێت، شوێنەکە زۆر لە شار دوور نەبێت، تاکو تووشی کێشەی هاتووچـــۆ نەبین، چونکـــە ڕووداوەکانی هاتووچۆ ساڵانە زیانێکی زۆر بە گیانی هاووڵاتییان دەگەیەنن.

خاتوو مەیسون حوسێن ئاماژەی بەوەدا کە ئـــەو جاران بـــە بەردەوامـــی دەچوو بـــۆ مەلەوانگـــە، بەڵام ئێســـتا ناچێت، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە ئەوان وەك ئافرەتان لەکاتی چوونیان بۆ زۆربەی شـــوێنەکاندا تووشی کێشە دەبن و ناچار دەکرێن کە چیتر ڕوو لەو شـــوێنە نەکەن، مەلەوانگەش لە وڵاتی ئێمەدا تا ئێستا بەشێوەیەکی زانســـتی لەلایەنی تاکەوە نەناســـراوە، بەپێچەوانەوە زۆر لەتاکەکان پێناســـەکردنیان بـــۆ مەلەوانگە جیاوازە لەوەی کە هەیە، بەڵکو ئەوان وای دەبینن کە مەلەوانگەکان تەنیا لەسەر پیاوان تاپۆ کراوە، واتـــە ئەگەر ژنێك بۆ مەلەوانگە بچێـــت لەلایەن خەڵکـــی گەڕەکەیانەوە تەنانەت خزم و کەسوکاریشیەوە نیشانەی پرســـیاری لەســـەر دادەنرێت، لەبەر ئەم هۆکارەشـــە زۆر لەکچان و ژنان ئەگەر حەزیشـــیان لە مەلەکـــردن بێت، ناتوانن بچـــن بـــۆ مەلەوانگەکان. ئـــەو بەها تەقلیدییانەی کە کۆمەڵگە خۆی بەسەر خۆیـــدا فەرزی کردووە، واتە دەبێت ئێمە بەر لەهەموو شتێك هەوڵبدەین کۆمەڵگە بگۆڕین و هانی تاکەکان بدەین بۆ ئەوەی کە ڕێگە بە خوشـــك و خێزانەکانیان بدەن بچن بۆ مەلەوانگەکان.

(مەلەوانگەکانی ئێمە بەرۆژ بۆ ژنانە و بەشەو بۆ پیاوانە) ئەمە باوەڕی خاتوو هیدایەت عەلی بـــوو، ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کـــە مەلەوانگەکان لەناوشـــاری هەولێردا ڕۆژێك بۆ ژنان و ڕۆژێکی تر بۆپیاوانە، ئەمەش هۆکارێکە بۆئەوەی کە زۆربەی ئافرەتان سەردانی مەلەوانگەکان نەکەن و خۆیانی لێ بەدوور بگرن، واتە ئەگەر مەلەوانگەیـــەك هەبوایە تایبەت بەئافرەتان زۆرباش دەبوو.

ئامادەکردنی: دیار سالار





لەناو دادگادا کچێکی جوانی باڵابەرز وەستا بوو، قورگی پڕبوو لەگریان و هەناسەی قوڵی هەڵدەکێشا، بەدەم هەنسکی بێزارییەوە دەیناڵاند و چاوەڕێی بڕیاری دادوەری دەکرد، زۆر بەلامەوە سەیربوو ئەم کچە بۆ ئەوەندە بێزارە، ئاخۆ دەبێت چی بەسەر هاتبێت. هەربۆیە بەخۆم نەوەستام و چوومە پێشەوە و پرسیارم لێکرد بۆ ئاوا دڵگرانی؟ بۆ ئەوەندە بێزاری کە مەرگی خۆت بە ئاوات دەخوازی. هەر بەو خەمە گرانەوە وتی: ناتوانم هیچت پێ بڵێم. زۆرم هەوڵدا تا بیهێنمە قسە. ئاوا پریاسکەی خەمەکانی بۆ هەڵڕشتم.

من وەك هەموو کچێکی تری سەر ئەم زەمینە دەمویست بەئاسایی ژیان بەرمە سەر، ئەوەبوو هەتا قوتابی کۆلیژ بووم تەنیا ئاواتم لەسەرکەوتن و بەرەوپێشچوونی ژیانی رۆژانەمدا خۆی دەبینیەوە، دوای تەواوکردنی خوێندن لەیەکێك لە دەزگا حکومییەکاندا دامەزرام و بڕیارمدا کە هەوڵی خۆم بخەمە گەڕ بۆئەوەی کە بتوانم سەرکەوتن بەدەست بهێنم. زۆری پێنەچوو کوڕێك کەناوی ئەحمەد بوو ئەویش وەك فەرمانبەرێك لەدەزگاکەماندا دامەزرا. سەرەتا خۆی بەکەسێکی زۆر باش بەهەمووبان نیشاندا. وردە وردە خۆی لەمن نزیکرد کردەوە و توانی لەماوەیەکی کەمدا ببێتە برادەرم و پاش ماوەیەك وایلێکردم، کە زۆر باوەڕی پێبکەم، ئەوەبوو بەکردار و بەقسە منی ناچارکرد کە زۆر لێی نزیك ببمەوە، پاش ماوەیەك لەهاوڕێیەتی لەگەڵ مندا داوای لێکردم کە ببین بەبرادەر و منیش داوکاریەکەیم رەتنەکردەوە، چونکە هەستم دەکرد کوڕێکی باشە و هیچ جۆرە کێشەیەکم بۆدروست ناکات، دوای ماوەیەك رۆژێکیان ئەحمەد پێی وتم کە تۆم زۆر خۆشدەوێ. ئەگەر باری دارایی و رەوشی خێزانیم باشبێت، دێم بۆداوات. لە سەرەتا وەڵامم نەدایەوە و پێم وت بیری لێدەکەمەوە. دوای چەند رۆژێك زۆر بەدەورمدا هات و قەناعەتی پێکردم کەئەو بەڕاستی منی خۆشدەوێت، بەڵام ئێستا باری ئابووری زۆر خراپە ناتوانێت هیچ جۆرە هەنگاوێك بنێت و بێتە داوام، منیش باوەڕم پێکرد و بڕیارمدا هاوکاری بکەم و ببم بەو کەسەی کە بەقسەی ئەو بەهاوسەری داهاتووی وەسفی دەکات.

ئەوەبوو من بەهەموو توانایەکم هاوکاری ئەحمەدم دەکرد و چی پێویست بوایە بۆم جێبەجێدەکرد، تەنانەت هەندێکجار پارەشم دەدایە، ئەو دەیوت دەچم کۆیدەکەمەوە بۆکاتی هاوسەرگیری، بێگومان من لەو ماوەیەدا چەند کەسێك هاتە داوام و هەریەکەیانم بەبیانوویەك رەتدەکردەوە، یەکێکیان کە کوڕی پوورم بوو، زۆر منی خۆشدەویست، بەڵام من چونکە بەڵێنم بەئەحمەد دابوو ناچار ئەویشم رەتکردەوە. ساڵێك بەسەر ئەم وەزعەدا رابورد، هەر لە چاوەڕوانی دابووم و دەموت، بەڵکو ئەمڕۆ نا بەیانی بێتە داوام، بەڵام ئەو هەر وەدوای دەخست و تەنیا کاتی دەبردە سەر.

دوای

# له چاوەڕوانییەکی بێ ئاکامدا

ساڵێك لەبەردەوامبوونی خۆشەویستیماندا، کوڕێك هاتە داوام کە هەر خزممان بوو، ئەویشم ڕەتکردەوە، چونکە بەڵێنم بەئەحمەد دابوو، بەمشێوەیە من هەرچاوەڕوانم و ئەحمەدیش هەر دەڵێت پارەی تەواوم نییە تا ژنی پێبێنم. دوو ساڵ بەسەر ئەم وەزعەدا ڕۆیشت، تەنانەت هەندێکجار من پرسیاریکم لەخۆم دەکرد، دەموت، تۆ بڵێی شەمەندەفەری تەمەن، بەجێم نەهێڵێت و منیش هەر چاوەڕوانی کەسێکم کە هیچ جۆرە هەنگاوێکی بچووکیشی هەڵنەهێناوە، ئەوەبوو من هەر لەچاوەڕوانییەکی ماوەدرێژدا دەژیام، دوای ماوەیەك واتە دوای تێپەڕبوونی دووساڵ و سێ مانگ بەسەر چیرۆکی خۆشەویستیەکەماندا ئەحمەد خۆی گواستەوە بۆ دەزگایەکیتر، بەڵام شەوانە بەمۆبایل پێوەندیمان پێکەوە هەبوو و دەیوت من هەرتۆم دەوێت و کەسی تر ناکەمە هاوسەری ژیانم. پێویست ناکات پەلە بکەیت، چونکە خۆشەویستی نێوان من و تۆ بەهێزە و لەهەموو جۆرە قسەو قسەڵۆکێکی خەڵك بەهێزترە. لەبەر ئەوە نابێت تووشی دڵەڕاوکێ بیت و بڵێیت تەمەن منی بەجێهێشتووە. ئەوەبوو منیش لەزهنی خۆمدا دەموت من دەمێکە چاوەڕوانم با چاوەڕێ بکەم و بەڵو خودای تاك و تەنیاو میهرەبان ئەم جارەیان کارەکە ئاسان بکات و ئەم کوڕە بێتە داوام، بەڵام هەرکات دەڕۆیشت و من چاوەڕێ بووم، ڕۆژێکیان دایکم پێی وتم: کچم دەزانی وردە وردە خەریکە شەمەندەفەری تەمەن بەجێبهێڵێت و دەبیتە کچێکی قەیرە، بەڵام نازانم تۆ بۆچی ئەوەندە کەللە ڕەق و توندی هەر لەسەر قسەی خۆت سووریت. لەم قسانەدا بووین دایکم ڕاستییەکی پێوتم، وتی ئەگەر چاوەڕێی هەرکەسێکی ئەوا با بێت بۆ داوات و با هەرهیچ نەبێت بەڕەسمی مارەت بکات.

منیش یەکسەر بۆبەیانی چووم بۆ ئەو دەزگایەی کەئەحمەدی لێبوو بۆ ئەوەی کە وەڵامم بداتەوە بە بەڵی و یەکسەر خۆمان بۆ زەماوەندێکی خۆش ئامادەبکەین. لەناو هزرمدا هەزاران بیر و بۆچوون هەبوو، هەندێکجار بەدەم لێخوڕینی ئۆتۆمێبلەکەوە خەیاڵ دەیبردمەوە بۆ ژیانێك، کەمن و ئەحمەد پێکەوە دەچین بۆ گەشت و بوومەتە هاوسەری و لەهاوینەهەوارێك مانگی هەنگوینیمان دەبەینە سەر. دواتر دەموت نا قەیناکا باهەرچییەك بێت مەسرەفی زۆر نەکەین هەر لەماڵەوە ئاهەنگێکی بچووك دەگێڕین، لەو ماوەیەی لەناو سەیارەدا بووم تا گەیشتمە ئەو دەزگایەی کە ئەحمەدی لێیە. هەزاران بیروبۆچوونی جیاواز لەناو مێشکمدا پەنگی خواردبوو، پاشان لەسەیارەکەم دابەزیم، بۆئەوەی سۆراغی ئەحمەد بکەم. لە پرسگەم پرسی ئەوانیش ڕەوانەی ژوورەکەیان کردم کە ئەحمەد لەوێ فەرمانبەر بوو، کەچوومە ژوورەوە پرسیم ئەحمەد لێرەیە، فەرمانبەرێك وەڵامی دامەوە وتی نەخێر، ئەمڕۆ لەگەڵ دەستگیرانەکەیدا چۆتە دەرەوە بۆئەوەی شتوومەك بۆ ڕۆژی گواستنەوە ئامادەبکەن. من یەکسەر تووشی شۆك بووم داوای پەرداخێك ئاوم کرد و یەکسەر لەشوێنی خۆم دانیشتم و تا ماوەیەك نەمتوانی هیچ جۆرە قسەیەك بکەم وەك بڵێی تووشی هیستریاییەك ببم و داوام لەفەرمانبەرەکە کرد گاڵتەم لەگەڵدا نەکات و بەڕاستی پێم بڵێت ئەحمەد چووە بۆکوێ؟ فەرمانبەرەکە وەڵامی دامەوە، وتی بەڵی خوشکی بەڕێزم من تۆ ناناسم، بۆچی گاڵتەت لەگەڵ دەکەم ئەحمەد ماوەی مانگێکە ژنی مارە کردووە، ئەگەر باوەڕیش ناکەیت ئەوەتا داوای پێشینەی هاوسەرگیری کردووە، ئیتر من بۆ چی گاڵتەت پێدەکەم و ئەمڕۆ چووە شتومەك بکرێت بۆ دەستگیرانەکەی کە کچی خاڵی خۆییەتی.

یەکسەر دوای ئەم ڕووداوە پێوەندیم بە ئەحمەدەوە کرد و پێم وت تۆ لەوێت، وتی من لەدەوامم و خەریکی کارکردنم. ئیتر من زانیم کە درۆم لەگەڵ دەکات و یەکسەر هاتمە دەرەوە.

لە کۆتاییدا دەڵێم هەروەك دەزانن کە خۆشەویستی وشەیەکی زۆر پیرۆزە و گەورەترین چەمکە ئەگەر هەموومان لێی تێبگەین، بۆیە دەبێ زۆر بەوردی لەگەڵ ئەم زاراوەیەدا مامەڵە بکەین، چونکە کەسانێك هەن دەیانەوێت لەڕێگەی ئەم خۆشەویستییەوە بە کچی خەڵکی رابوێرن و خۆشەویستی بەلاڕێ دا بەرن. من یەکێکم لە قوربانیانی ئەم کۆمەڵگەیە کە بەهۆی ئەوانەی کە خۆشەویستی بەمەبەستی بەرژەوەندی خۆیان بەکاردێنن زەمەن بەرەو قەیرەیی بردم.

ئامادەکردنی: دیار سالار

# توانج لێدان لە ئافرەتان،

**توانـــج لێـــدان دیاردەیەکی زۆر ناپەســـەندە کە لە زۆربـــەی کۆمەڵگـــە دواکەوتووەکاندا بوونی هەیە. ئەم دیاردەیە ناشایســـتەیە لەناو کۆمەڵگەی ئێمەشـــدا بەربڵاوە و بە زەقی هەستی پێدەکری. دیاردەی توانج لێدان لە ئافرەتان ڕێژەیەکی زۆری لە ئافرەتان بێزار کردووە. بەجۆرێـــك هەندێکیان داوا دەکەن کە یاســـایەك هەبێت سزای ئەو کەسانە بدات کە ئەم کارە نارێك و ناپەســـەندە بەرامبەر بەئافرەتان ئەنجام دەدەن.**

توانج لێدان، ناشایستەترین دیاردەیە کە کۆمەڵگەی ئێمە بە دەســـتییەوە دەناڵێنێت، ئەمە رای خاتوو بەناز عەلی، قوتابی زانکۆی جیهانە لەشاری هەولێر، ناوبراو وای دەبینی کە دیاردەی توانج لێدان، گرفتێکی زۆری بۆ ئافرەتان دروســـت کردووە، ئێمەی ئافرەت ناتوانین بۆ هیچ شوێنێك بچین لەبەر توانجی کوڕان، زۆرجار کاتێك بەمەبەستی کات بردنەسەر دەمانەوێت بۆ شوێنە گشـــتییەکانی وەك پارك و بازاڕ و سوپەرمارکێتەکان بچین، ئەوەندەمان توانج تێدەگـــرن تابێزارمان دەکەن، تەنانەت هەندێك جار ناچاردەبین ئەو شوێنە جێبهێڵین و جارێکی تر نەچینەوە بۆ ئەو جێگەیە.

ناتوانین وەك پێویست بۆ زانکۆ جلوبەرگی مۆدێرن لەبەر بکەین، ئەمە رای خاتوو هێڤین مەجید عوسمانە کە قوتابیە لەزانکۆی شـــاهانە و ماوەی شانزەســـاڵە لـــەدەرەوەی وڵات ژیاوە، ناوبـــراو ئاماژەی بەوەدا کە دیـــاردەی تیروتوانـــج دیادەیەکی زۆر ناپەســـەندە و دوورە لەنەریتی مرۆڤایەتییەوە، ئەم دیاردەیە ناشیرینی ئاکاری ئەوکەسانە دەردەخات کـــە ئەنجامـــی دەدەن، چونکە ئەم دیاردەیـــە لە هیچـــکام لە وڵاتە مۆدێرنەکانـــدا نییـــەو تەنیا لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا هەیە،



# دیاردەیەکی دزێوی کۆمەڵگا

خاتوو هێڤین ماوەی شانزەساڵ لەگەڵ دایك و باوکیدا لــەدەرەوەی وڵات ژیاوە، وەك ئامـــاژەی پێدا لەهیچ وڵاتێکی جیهاندا ئەم دیاردەیە بەم شێوە زەقە نییە، وەك ئەوەی کە لێرە هەستی پێدەکرێت بۆ نموونە ئەوان کە لە ئوســـترالیا بوون کچان بەئارەزووی خۆیان جلوبەرگیان لەبەرکردووە و کەسیش توانجی لێنەداون، بەڵام ئەو لێرە ناتوانێت وەك ئەوێ جلوبـــەرگ لەبەر بکات، کاتێك دەچێت بۆ زانکۆ جل و بەرگێکی مۆدێرن لەبەر دەکات توانجی لێدەدەن.

تیروتوانج هەندێکجار کچانی باڵاپۆشیش دەگرێتەوە، ئەمـــە رای خاتووڤیـــان ســـابر عەبدولکەریمە، کە فەرمانبەرە لەوەزارەتـــی کاروکاروباری کۆمەڵایەتـــی. خاتوو ڤیان ئافرەتێکـــی باڵاپـــۆش و (محجبە)یە گلەیی ئـــەوەی هەبـــوو کـــە هەندێك لە کـــوڕەکان تەنیا توانج لە ئافرەتی سفور نادەن، بگرە توانج لە ئافرەتانی باڵاپۆشیش دەدەن.

خاتوو شـــەیما ســـەعید وەك توێژەرێکی دەروونی ئاماژەی بەوەدا کە ئەو کەســـانەی توانج ئاراســـتەی کچان دەکەن ئەو کەســـانە نەخۆشی دەرونییان هەیە، لەبەر ئەوەی ئـــەو کچانەی کە توانجیـــان تێدەگرن، جلوبەرگیان زۆر ئاساییەو هیچ جۆرە شتێکیان نەکردووە کەشـــایەنی ئـــەوە بێت کە تیر و توانجیـــان لێبدرێت، هەروەهـــا ئەو کچانە هیچ جۆرە جیاوازیەکیان لەگەڵ خوشك و دایکی ئەو کوڕانەدا نییە و تەنانەت زۆرجار ئەو گەنجانە تیر و توانج ئاراستەی هەندێك کچ دەکەن کە باڵاپۆشـــن، بۆیە من لەڕووی دەروونییەوە دەتوانم بڵێم کەئەو گەنجانە کێشـــەی دەروونیان هەیە هەست بەجۆرە کەمایەســـییەك لەخۆیاندا دەکەن و دەیانەوێت ئەو کەموکورتییەی خۆیان بەتیروتوانج لێدان پڕبکەنەوە، لەلایەکی ترەوە هەندێك لەو گەنجانە پێویســـتیان بەچارەسەری دەروونی هەیە، دەبێت هەوڵبدرێت ئـــەو کێشـــە دەروونییانەیان بۆ چارەســـەر بکرێت هەتا بەو شیوەیە مامەڵە نەکەن.

ئەو کوڕانەی کەتیروتوانج ئاراستەی کچان دەکەنەوە ئاستی رۆشنبیریان زۆر نزمە، ئەمە بۆچوونی خاتوو نیـــاز حامیدە، ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کە ئەو ڕۆژانە لەلایەن ئەو گەنجانەی کەلە ناو بـــازاڕ و قەراغی شـــەقامەکان و پارکەکان دەوەســـتن، تووشـــی تیروتوانج تێگرتن دەبێتەوە. ئەو زیاتر لەســـەر ئەمە رۆیـــی و وتی کە لەناو کۆلێژدا تووشی قسەو قســـەڵۆك دەبێتەوە، بەتایبەتی لەلایەن هەندێك لە کوڕەکان کە ئاســـتی رۆشنبیریان زۆر نزمەو هیچ جۆرە زانیارییـــەکان نییە. دەربارەی رەوشـــی ناو زانکۆش، ناوبراو وای بەباش دەزانی کە پێویســـتە هەوڵبدرێت گەنجەکان رۆشـــنبیربکرێن بۆ ئەوەی کە چیتر کێشە بۆ کچان دروستنەکەن.

کچانـــی کورد لەچاو هەمـــوو میللەتانی تر زیاتر جلوبەرگیـــان پۆشـــتەیە کەچی کـــوڕان بەمجۆرەش توانجیان تێدەگرن. ئەمە قســـەی خاتوو دڵنیا ئەسعەد بوو کە قوتابییە لەزانکۆی جیهان، ناوبراو وای دەبینی کە ئەو کوڕانەی کە توانج دەگرنە کچان، کەســـانێکی نەزان و دەروون نەخۆشـــن، چونکە کچی وڵاتی ئێمە جلو بەرگیان زۆر ڕێکوپێك و زۆر پۆشتەن، لەکاتێکدا کچـــی وڵاتانی دەوروبەر هەموومـــان دەیان بینین کە چۆن ئازادن لەبەرکردنـــی جلوبەرگدا و کەچی کەس هیچ جۆرە قسەیەکیان پێناڵێت.

زۆر لەکچانی ناو زانکۆکان لەترســـی تیروتوانجی خەڵك بوونەتـــە باڵاپۆش، ئەمە قســـەی خاتوو ڕاز ســـەرداربوو، کە قوتابییە لە زانکۆی جیهان، ناوبراو ئامـــاژەی بەوەدا کە زۆر لە کچـــەکان لەناو زانکۆدا لەبەر تیروتوانـــج و وێنەگرتنیـــان بەمۆبایل بوونەتە پەردەپۆش و حیجابیان کردووە.

خاتوو سەعدیە یوسف وەك توێژەرێکی کۆمەڵایەتی ئاماژەی بەوەدا کە زۆر لە گەنجەکانی ئێمە کە ئەمڕۆ تیروتوانج ئاڕاستەی کچان دەکەن، خەڵکانێکن لەرووی دابونەریتـــەوە هەڵگری بیری گوندین لەناوشـــاردا، چونکە لەرەســـنایەتیدا لە گونددا ژیـــاون و ناتوانن بیـــری شارســـتانییەت هەڵبگرن، بۆیە ئەو کەســـانە هەربەبیـــری گوند بیردەکەنـــەوە، زۆر زەحمەتە بتوانن بگونجێـــن لەگەڵ واقیعی ئێمەدا، لەبەر ئەوەی کە لە بنچینەدا شـــارەکانی ئێمە تووشی بەگوندبوون هاتوون و تاکەکانمـــان هەندێکیان هـــەر بەبیرکردنەوەی گوند بیردەکەنەوە، بۆیە دەبێت هەوڵبدرێت وشـــیاربکرێنەوە و هانیان بدەین بۆ ئەوەی کەشارستانیان بکەین، ئەمەش ئەرکی ڕێکخراوەکانـــی کۆمەڵگەی مەدەنییە هەوڵی ئەوەبدات ئەو کەسانە رۆشنبیر بکرێن.

پارێزەر خاتوو هاژە ســـەباح ئاماژەی بەوەدا کە تا ئێستا هیچ جۆرە دەقێکی یاســـایی فەراهەم نەکراوە کە ســـزای ئەو کەســـانە بدات کەتیروانج ئاراستەی کچان دەکەن ئەگەر دەقێکی یاسایی لەوجۆرە هەبێت، ئەوا زۆربەئاسانی دەتوانرێت سزای ئەو کەسانە بدرێت.

**ئا:دیـــار سالار**



# کێشەی ئافرەتە شۆفێرەکان لە کۆمەڵگای ئێمەدا

**لێخوڕینـــی ئۆتۆمبێل لەلایەن ئافرەتان، یەکێکە لەو دیاردانەی کە ئەمڕۆ لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا لــە ئەنجامی بەرەوپێشـــچوونی باری ئابووری تاڕاددەیەك پەرەی سەندووە.**

**ئەمـــڕۆ ئافرەتـــان ئۆتۆمبێلی خۆیـــان هەیـــە، ئەمـــەش خۆی لەخۆیدا هەنگاوێکی بەشارستانی بوونـــی کۆمەڵگەکەمانـــە، کە ئافرەتان ئەمڕۆ شـــان بەشـــانی پیـــاوان ئۆتۆمبێـــل لێدەخۆڕن، ئەرکێکی گرنگیـــان لەکۆڵ براو مێرد و کەسوکاریان کردۆتەوە.**

**ئامادەکردنی دیار سالار**

هەندێك پیاو هەن بەتەوسەوە سەیرمان دەكەن، ئەمە رای خاتـــوو نیان حەمەد ئەمین بوو كە فەرمانبەرە لە بەڕێوەبەرایەتی گەنجینـــەی هەرێم، ناوبراو ئاماژەی بەوەدا كە زۆر پیاو هەن ئەوەندە كەســـایەتی خێڵەكی بەســـەریاندا زاڵە، كاتێك ئافرەتێك دەبینن شـــۆفێری دەكات زۆر بەتەوســـەوە تەماشـــای دەكەن، وای لێی ورد دەبنـــەوە وەك ئەوەی كە تاوانێكی كردبێت، خاتوو نیان زیاتـــر لەمبارەوە دواو وتی ئـــەوان وەك ئافرەت لەكاتی شۆفێریدا تووشی كێشە دەبن، لەگەڵ پیاوان، هۆكارەكەشـــی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە زۆر لەپیاوان باوەڕیان بەمافە بنچینەییەكانی ئافرەت نییەو بەرای ئەوان نابێت ئافرەت شۆفێری بكات.

نەبوونی رۆشنبیری گەورەترین كێشەیە، ئەمە رای خاتوو رێزان ئەحمەد عومـــەر بوو، ناوبراو فەرمانبەرە لە بەڕێوەبەرایەتی تۆمـــاری كۆمپانیاكان، ئەو وای دەبینی كە گەورەترین كێشـــە لەوەدایـــە كە زۆر لەو پیاوانەی ئەمڕۆ شۆفێری دەكەن بەشێكی زۆریان هیچ جۆرە رۆشنبیرییەكیان نییە و كەسانێكی زۆر خێڵەكین لەبەر ئەوە كاتێك كە ئافرەتێك دەبینن شۆفێری دەكات بەهەموو جۆرێك دەیانەوێت، ئەوئافرەتە هەراسان بكەن و ناچاری بكەن، تووشی كارەساتێك ببێت.

هەندێك لەپیاوەكان لە ئیرەییدا كێشەمان بۆ دروست دەكـــەن، ئەمەقســـەی خاتوو شـــەونم عەونی بوو كە فەرمانبەرە لـــە وەزارەتی دارایی، ناوبراو وای دەبینی ســـەرەكیترین هـــۆكار كە دەبێتە هۆی ئـــەوەی ژنان لەلایەن پیاوانەوە هەراسانبكرێن دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە زۆر لەپیاوەكان ئیرەیی بەو ژنانە ببەن كە هاوكاری كەســـوكاریان دەكەن، چونكە لێخوڕینـــی ئۆتۆمبێل لەلایەن ژنانەوە لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا دەبێتە هۆی ئەوەی بەشـــێك لە ئەركەكانی هاوسەرو برا و باوكیان كـــەم بكەنەوە، لەبەر ئەوەی ئـــەو پیاوانەی كە كچ و ژنی خۆیان ناتوانن شۆفیری بكەن، ئیرەیمان پێدەبەن و هەوڵدەدەن كێشەمان بۆدروست بكەن.

زۆر ئافرەت لەپیاوان باشتر شۆفیری دەكەن، ئەمە رای خاتوو سۆلین موحســـین بوو، كە فەرمانبەرە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆماری كۆمپانیاكان، ناوبراو ئامـــاژەی بەوەدا كە ژمارەیەكـــی بەرچاو لەئافرەتان كە شۆفێری دەكەن تووشـــی كێشە دەبن، واتا دەتوانم بڵێم زۆربەی ئەو ئافرەتانەی شـــۆفێری دەكەن لەلایەن شۆفیرە پیاوەكانەوە هەراســـان دەكرێن و هەڵبەتە نەك هەموو پیاوان، بەڵكو ئەوانەی كە ئاستی رۆشنبیری كۆمەڵایەتییان نزمە، ئەگەر شـــۆفێری تەكســـی بن یان ســـەیارەی خسوسی، ئەوان ئێمـــەی ئافرەت هەراســـان دەكەن و ناهێڵـــن بتوانین وەك پێویســـت سوود لە شـــەقامەكان وەربگرین، واتە دەتوانم بڵێم هەموو ئافرەتان لەم كۆمەڵگەیەی ئێمەدا لەلایەن پیاوانەوە تووشـــی هەراسان دەكرێن، من وەك ئافرەتێك لەكاتی شـــۆفێریدا زۆر جار هەستم پێكردووە كە هەندێك شـــۆفێری پیاو هەن، شـــۆفێری نازانن و هیـــچ كام لە یاســـاكانی هاتووچـــۆ جێبەجێناكەن، لەگەڵ ئەوەشـــدا كە ئافرەتێك دەبینن شۆفێری دەكات یەكسەر هەراسانی دەكەن و لەكاتی لێخوڕیندا هەموو هەوڵێـــك بەكاردەهێنن بـــۆ ئەوەی كە ئـــەو ئافرەتە ســـەری لێتێكبچێت، خاتوو ســـۆلین ئاماژەی بەوەدا كە ئەو هەســـتی پێكردووە ئافرەت لە كاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبێلدا زیاتر پابەنـــدی رێنماییەكانی هاتووچۆ دەبن، واتـــە لەڕووی پراكتیكییەوە لـــە لێخوڕیندا لە پیاوان باشتر و هێمنترن، بەرێژەیەكی زۆر كەم ئافرەتان تووشی كارەساتی ئۆتۆمبێل دەبن، ئەگەر ئافرەتێكیش تووشـــی كارەســـات بێت بێگومان هۆكاری روودانی كارەســـاتەكان پیاوەكانن، واتا دەتوانم بڵێم كەهۆكاری سەرەكی روودانی كارەســـاتی ئۆتۆمبێل دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شـــۆفێرە پیاوانەی شۆفیرییەكەیان باش نییە و كەچی لەكاتی لێخوڕیندا شۆفێرە ئافرەتەكان هەراسان دەكەن.

پیاوان پێیان ناخۆشە ئافرەت لەوان باشتربێت، لەبەر ئەوە هەراسانمان دەكەن، ئەمە بۆچوونی خاتوو سوعاد عەبدوڵلا ســـەعیدە، كە فەرمانبەرە لەبەڕێوەبەرایەتی تۆماری كۆمپانیاكان، ناوبراو لە درێژەی قســـەكانیدا ئاماژەی بـــەوەدا كە ئەوان وەك ژنـــان لە لێخوڕینی ئۆتۆمبێلدا زۆر لەپیاوان باشترن و زیاتر رێنماییەكان و یاساكانی هاتووچۆ جێبەجێدەكەن و زۆر كەم شۆفێری ئافرەت لەكاتی لێخوڕینی ئوتومبێلدا سەرپێچی یاسا دەكات، ئاماژەی بەوەشدا كە شۆفیرە پیاوەكان بەشێكی زۆریان سەرپێچی یاسا دەكەن.

خاتوو سوعاد لەدرێژەی قسەكانیدا ئاماژەی بەوەدا كە كۆمەڵگەی كوردەواری كۆمەڵگەیەكی خێڵەكییە لەبـــەر ئەوە زۆربەی تاكەكان هیـــچ جۆرە ئازادییەك بەئافرەتـــان رەوا نابینـــن، لەكاتێكدا لـــە رۆژگاری ئەمڕۆدا ئەركی سەرشـــانی ئافرەتان زۆر قورس بووە، لەبەر ئەوەی جگە لە كاری ناوماڵ، كاری دەرەوەشیان لەســـەر شانە، واتە كە ئافرەتێك ئۆتۆمبێل لێدەخوڕێت بـــۆ كەمكردنەوەی ئەركی سەرشـــانی مێردەكەیەتی و پێویســـتە هاوكاری بكرێت نەك هەراســـان بكرێت، ناوبـــراو وای بەباش دەزانی هەوڵبدرێت بۆ ئەوەی كە كۆمەڵگە رۆشنبیر بكرێت و بەبەردەوامی هۆشیاری كۆمەڵایەتی لەناو تاكەكاندا ئەنجام بدرێت بۆ ئەوەی كۆمەڵگەیەكی مۆدێرن بۆخۆمان دروست بكەین.

پارێـــزەر گوڵاڵە ئەحمەد ئامـــاژەی بەوەدا كە تائێستا لە هەرێمی كوردستاندا هیچ جۆرە سزایەكی











یاسایی بۆ شۆفێرێکی پیاو نییە کە هەراسانی شۆفێرێکی ئافرەت بکات، لەبەر ئەوە ناتوانرێت بەهیچ دەقێکی یاسای ڕێگری لەو کەسانە بکرێت، چونکە ئێمە وەك یاساناسان هیچ جۆرە بڕگەیەکی یاساییمان بەدەستەوە نییە کە سزای ئەو شۆفێرە پیاوانە بدەین کە دەبنە هۆی ئەوەی ئافرەتان لەکاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبێلدا تووشی کارەسات بن، بەڵام لێرەدا دەتوانین هەوڵبدەین لەڕێگەی ڕێکخراو و سەنتەرەکانی ئافرەتان کار بکرێت بۆ داڕشتن و هەموارکردنی یاساییەك بۆ بەرگریکردن لە ئافرەتان لەکاتی شۆفێریدا.

خاتوو سارا ئەحمەد وەك توێژەرێکی کۆمەڵایەتی ئاماژەی بەوەدا کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی خێڵەکییە وەك هەموو کۆمەڵگەکانی تری ڕۆژهەڵات، کە مافەکانی ئافرەتان لەم کۆمەڵگەیانە زۆر سنووردار کراوەوە هەموو ئازادییەکانیان کپکراوە، ئەمە بێجگە لەوەی کە زۆربەی داب ونەریتە کەلتوورییەکان ئیرادەیەکی بەهێزیان لەناو کۆمەڵگەی ئێمەدا هەیە کە ڕێگرە لەهەموو چالاکییەکی ئافرەتان، ئیتر ئێمە چۆن بتوانین لەکۆمەڵگەیەکی ئاوادا کاربکەین، یەکێکیش لە مافە هەرە سەرەتاییەکانی ئافرەت، لێخوڕینی ئۆتۆمبێلە کە زۆربەی تاکەکانی ئێمە بەتایبەتی پیاوە دواکەوتووەکان دژی ئەمەن و هەمیشە هەوڵدەدەن ڕێگر بن لەوەی ئافرەت ئۆتۆمبێل لێبخوڕێت، ئەوەی کەزۆر پێویستە لەم قۆناغەدا بایەخێکی زۆرتر بەبواری هوشیاری کۆمەڵایەتی بدرێت، هەوڵبدرێت بۆ ئەوەی کە گەنجەکان ڕێز لەئافرەتان بگرن. لەکاتێکدا ئافرەت نیوەی کۆمەڵگەیە، بەڵام هەندێك کەس ئەو نیوەیە هەراسان دەکەن، واتا دەبێت قوناغ بەقۆناغ دەستی پێبکرێت و هەوڵی سەرەتاییمان بۆ ئەوە بێت ئەو کەسانەی کە ڕێگرن لەوەی ئافرەت شۆفیری بکات هەوڵیان لەگەڵ بدەین بۆ ئەوەی ڕۆشنبیر بکرێن و ئەو شتانە دووبارە نەکەنەوە، کە ئەنجامی دەدەن و پێویستە هەر لەمنداڵییەوە منداڵەکان لەسەر ئەو بنەمایە فێربکرێن کە ڕێز لە ئافرەتان بگرن و هەراسانیان نەکەن، واتە سەرەتا بە ڕۆشنبیرکردنی تاکەکان دەست پێبکەین، ئەگەر نەگەیشتینە ئەنجامێکی ڕوون و هەندێك لەپیاوان هەر بەردەوامبوون لەسەر هەراسانکردنی ئافرەتان، دەبێت هەوڵبدرێت ڕێوشوێنیکی یاسایی بدۆزرێتەوە بۆچارەسەرکردنی، واتە ئەگەر گەیشتینە ئەنجامی ئەوەی کە هۆشیاری کۆمەڵایەتی ناتوانێت چارەسەری بکات، ئەوکات دەبێت لەڕێگەی یاساییەوە چارەسەری بکەین.

خاتوو ئیلهام ساڵح وەك توێژەرێکی دەروونی ئاماژەی بەوەدا کە ئەو پیاوانەی کە لە کاتی شۆفێریدا ئافرەتان هەراسان دەکەن، ئەوانە قەیرانی دەروونیان هەیەو هەست بەجۆرە کەمو کوڕییەك دەکەن، واتە ئەوەی کەمن زۆر بەپێوستی دەزانم ئاماژەی پێبدەم زۆر پیاو هەن خێزانەکانیان توانای فێربوونیان کەمە، کاتێك کە ئەوان دێنە دەرەوە دەبینن ئافرەتی زیرەك و بەتوانا هەیە و فێری شۆفێری بووە، یەکسەر هەست بەکەموکوڕی دەکەن بڕیار دەدەن کە ئەو ئافرەتانە هەراسان بکەن و نەهێڵن شۆفێرییەکەیان بکەن، هەندێك لە هەرزەکاران کەبوونەتە خاوەنی ئۆتۆمبێل هیچ کارو پیشەیەکیان نییە تەنیا ئەوە نەبێت پێش بە کچان بگرن، ئەگەر پیادەبن. ئەگەر کچەکان شۆفیریش بن، ئەوا ئەو هەرزەکارانە هەوڵدەدەن کێشەیان بۆ دروست بکەن و هەراسانیان بکەن، واتە کێشەکە ئاڵۆزە، چونکە کۆمەڵگەی ئێمە هەموو جۆرە مرۆڤێکی تێدایە.



# لەدامو دەزگاکاندا ئیرادەی ئافرەتانی فەرمـــ

هەمیشە لە دروســـتبوونی ئافرەتی سەرکەوتوو ڕێگرن، ئەمە رای خاتوو شیلان شاکرە کە توێژەری کۆمەڵایەتییە، ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کەهەمیشـــە پیاوان ڕێگربوون لەدروووســـتبوون و ســـەرکەوتنی ئافرەتـــان لەهەمـــوو بوارەکاندا، چونکـــە پیاوانی کۆمەڵگەی ئێمە زۆر تەقلیدین، هەمیشە ڕێگردەبن لەسەرکەوتنی ئافرەتان.

ئەگەر ئافرەتێك لەکارەکانیدا ســـەرکەوتوو بێت، بوختانـــی پێدەکرێـــت. ئەمە رای خاتـــوو هێلین جەماله کە فەرمانبـــەرە لەوەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتـــی، ناوبـــراو تەئکیدی لـــەوە کردەوە کەهەتا ئەمڕۆ ڕێگە بە ئافرەتان نەدراوە تواناکانی خۆیـــان دەربخەن، ئەگـــەر ئافرەتێـــك لەکارەکەیدا زۆر چالاکبێت، هەوڵبدات ســـەربکەوێت بۆ ئەوەی تواناکانی خۆی بەدەربخات، ئەوا یەکســـەر لەلایەن پیاوەکانەوە هـــەزارو یەك بوختانـــی جۆراوجۆری بۆدروســـت دەکرێت، هەزارەها قســـەی نابەجێ و ناپەســـەندی لەســـەر دەکەن. جێگەی داخە ئەمڕۆ لەزۆربەی فەرمانگەکاندا ئافرەتان ناگەنە پلەیەکی بەرز، هەرچەندە تواناشیان هەبێت و کەسایەتییەکی بەهێزیـــان هەبێت، لەبەر ئەوەی کـــە هەر ئافرەتێك هەندێك ســـەرکەوتوو بێت، یەکســـەر بوختانی بۆ دەکرێـــت و هەموو هەوڵ و تواناکانی لەبار دەبرێت، هەربۆیـــەش دەتوانم بڵێم کە لەنـــاو فەرمانگاکاندا ئیرادەی ئافرەتان تەواو سڕکراوە.

ئافرەتان خۆیان ڕێگرن لەدروســـتبوونی ئافرەتی سەرکەوتوو، ئەمە قسەی خاتوو هەوار تایەر بوو کە ئاماژەی بەوەدا زۆر جار ئافرەتێك توانیویەتی هەوڵ و توانا شـــارەوەکانی خۆی بەدەر بخات و هەندێك لە بەهرەکانی پێشـــانی کۆمەڵگە بدات، بە هەوڵ و ماندووبوونـــی خۆی پلەیەکی ئیداری بەدەســـت بهێنێت، ئەوا یەکســـەر ئافرەتەکانی ناو فەرمانگەکە کەوتوونەتە کێشە دروســـتکردن بۆی و نەیانهێشتووە لەکارەکەیـــدا ســـەرکەوتن بەدەســـت بێنێـــت، ئەوەی کەمـــن تێبینیم کردووە ئەوەنـــدەی ئافرەتان ڕێگرن لە دروستبوونی ئافرەتی سەرکەوتوو، پیاوان ڕێگرنەبوون.

هەمـــوو تاکەکانـــی ناوئـــەم کۆمەڵگەیەی ئێمە بەپیاو ژنەوە دژی ئافرەتی ســـەرکەوتوون. ئەمە رای خاتوو ژیلیا حەســـەنە ناوبراو ئاماژەی بەوەدا هەندێك لە ژنان و پیاوانیش دژی کەســـێکی ســـەرکەوتوون، ناوبـــراو پێـــی راگەیاندین ئەو خـــۆی ئەمەی بەســـەر هاتووە، ناوبـــراو ئاماژەی بەوەدا کە ئەو ماوەی شەش مانگ ســـکرتێرەی بەڕێوەبـــەری گشـــتی بووە و توانیویەتی لەو ماوەیەدا زۆرتریـــن خزمـــەت بـــە دەزگاکەو هاووڵاتیـــان بـــکات، وەك ئافرەتێك تەعبیر لەهێز و ئیـــرادەی خۆی بکات، بەڵام ئەوەندە قسەی بۆ هەڵبەستراو بوختانی بۆ کـــراوە ناچار بوو لە کارەکەی وازبهێنێت، ناوبراو وای دەبینـــی بوختانـــەکان بە جۆرێك بێزاریـــان کرد هەربۆیە وازی لەکارەکـــەی هێنا، ناچار وەك فەرمانبەرێکی ســـادە کەوتـــە کارکردن و هیچ جـــۆرە پلەیەکی نەما، ئیتر ئەوکاتە کۆمەڵگە وازیان لێهێنا، چونکە کۆمەڵگەی ئێمە تەنیا دژی کەسانی سەرکەوتوون، بەهیچ شێوەیەك حەزناکەن ئافرەتی سەرکەوتوو دروست بێت، حەزدەکەن هەمیشـــە ئافـــرەت لەژێر کۆنترۆلـــی پیاواندا بێت، ئەوەی من تیبینیم کردووە، ئافرەتەکانیش شانبەشانی پیاوان هاوکاردەبـــن بۆ لەباربردنی تواناکانی ئافرەتی ســـەرکەوتوو لەناو کۆمەڵگەی ئێمەدا، لەبەر ئەوە مـــن چەندە پیاوان بەتاوانبـــار دەزانم ئەوەندە زیاتر ئافرەتان تاوانبار دەکەم، کە دژی ئافرەتانی بەتواناو خـــاوەن ئەزموون دەوەستنەوە و دەبنە هۆی کپکردنی ئیرادەی ئافرەتان.

خاتوو شـــایەن موحسین کـــە فەرمانبـــەرە لە کۆمپانیـــای (میگرۆســـاج) ئامـــاژەی بەوەدا کەئەو ســـەرەتا لەنـــاو یەکێـــك



**لـــەم ســـەردەمەی ئەمڕۆمانـــدا ڕێژەیەکی بەرچاو لە ژنـــان و کچان لەدامـــودەزگا حکومی و ئەهلییەکاندا کاردەکەن، بەڵام ئەوەی کە تێبینی دەکرێت ڕێژەیەکی زۆر کەمیان هەن کە توانیبێتیان بگەنە پلەیەکی ئیداری بـــەرزو توانیبێتیان ئیرادەی تواناکاکانیان بخەنـــە گەڕ و پێگەیەکیان بۆ خۆیان دروست کردبێت.**

**پیاوان حەزناکەن ئافرەت بەرپرسیان بێت، ئەمە رای خاتوو شاناز عەلی ئەحمەدە کە فەرمانبەرە لە وەزارەتـــی کارەبا، ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کە زۆربەی ئافرەتانی فەرمانبەر کەسانی لێهاتوو سەرکەوتوون، بەڵام هەرگیز پیـــاوان ڕێگە نادەن ئافرەتێکی ســـەرکەوتوو بگاتە پلەیەکی بەرز، لەبەر ئەوەی کە پیاوان زۆر دڵڕەقـــن و قبوڵی ئەوە ناکەن ئافرەت بەرێوەبەریان بێت یان بەرپرسی هۆبەکەیان بێت.**

# ـــانبەر سڕکراوە

لەفەرمانگە حکومییەکانــدا فەرمانبەر بووە، بەڵام دواتــر وازی هێناوەو بڕیــاری داوە بچێت بۆ کەرتی تایبەت، ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کە تارادەیەك کەرتی تایبەتی بۆ ئافرەتان باشــترە، چونکە بەشێکی زۆر ســەرکەوتن لەم بــوارەدا دەکەوێتە ســەر تواناکانی خۆی، شایەنی وتنە دەتوانم بڵێم کە ئیرادەی ئافرەتان لەنــاو فەرمانگە حکومییەکاندا بە تەواوی ســڕکراوە، بەڵام تاڕادەیەك کەرتی تایبەت باشترەو ئافرەت دەتوانێت بوونی خۆی بسەلمێنێت.


خاتــوو نیــان عەلــی رای پێچەوانــەی هەبوو، بەوەی کە لە نــاو کۆمەڵگەی ئێمەدا لەهەموو بوارەکاندا فەرمانگەی حکومی بێت، یــان کۆمپانیا بێت، یان کەرتی گشــتی بێت یان تایبەتی، هەر هەمووی ئافرەت دەچەوسێتەوەو تواناکانــی ســڕدەکرێت و ناهێڵــن بتوانێت هەوڵ و کۆششــی خۆی بکات بۆئەوەی کەسەکە سەرکەوتووبێت.

خاتوو تەرزە عەبدوڵڵا وەك توێژەرێکی دەروونی ئامــاژەی بەوەدا کــە پیاوانی نــاو کۆمەڵگەی ئێمە لــەرووی دەروونییــەوە حەزدەکــەن ئافرەتان لەژێر کۆنترۆڵیاندا بێت، بەهیچ شــێوەیەك ناتوانن قبوڵی ئەوە بکەن ژنێك بتوانێت لەرووی ئیدارییەوە فەرمانیان پێبدات، چونکە زۆربەی کۆمەڵگەکانی رۆژهــەڵات و بەتایبەتی ئەوانەی کە لە بنچینەدا کۆمەڵگەی خێڵەکی بوون بەم شــێوەیە تاکەکان بیر دەکەنەوە، ئەگەر ســەیر کەیــن زۆر لەئافرەتانیش حەزناکەن ئافرەتێکی سەرکەوتوو هەبێت لەناویاندا، لەبــەر ئەوەی کە ئافرەتانی نــاو کۆمەڵگای ئێمە جۆرە نەریتێکیان لەلا دروست بوو کە ببنە پاشکۆی پیــاوان واتە لەژێر کۆنترۆڵــی پیاواندا بن، کاتێك دەبینن ئافرەتێك لەوان سەکەوتووترە توانای زیاتری هەیە و نەبۆتە پاشکۆیەکی مێردەکەی یان براکەی یەکسەر هەوڵدەدەن کە تواناکانی کپبکرێت و نەهێڵن ســەرکەوتوو بێــت، ئەمە بێجگە لــەوەی کە زۆر لەژنان لەرووی دەروونییەوە حەزدەکەن پیاوەکان لەوان باشــتربن، نەك ژنانی تر. چونکە هەندێك ژن جۆرە ئیرەییەکیان تێدایە پێیان ناخۆشە هاوڕەگەزی خۆیان ســەرکەوتوو بێت و حەزدەکەن هەمیشــە پیاوەکان بەسەریاندا زاڵبن.

خاتوو کەژاڵ حەمە ئەمین وەك توێژەرێکی کۆمەڵایەتــی وای دەبینــی لەناو کۆمەڵگەکانــی رۆژهەڵاتدا و بەتایەبتــی کۆمەڵگەی عێراقــی کــە نەریتی بیابانیان بەسەردا زاڵە، چەنــد نۆرمێکی کۆمەڵایەتیان لەلادروست بووە کەرێگرن لەوەی کە ئافرەتان بتوانــن ئیــرادەی خۆیان دەربخەن، چونکە لەبنەماکانــی کۆمەڵگەی خێڵەکــی بیاباندا بەداخــەوە لە ناو کۆمەڵگــەی ئێمە بەئاشــکرا کاریگەری هەســت پێدەکرێت، ئافرەتان هەمیشــە بوونەتە قوربانــی پیاوەکان، هەرگیز هیــچ ژنێك رۆڵێکی بەهێــزی لەناو کۆمەڵگەدا پێنــەدراوە، لەبەر ئەوە دەتوانم بڵێــم کە ئەمڕۆش ئــەو فەرمانگەیانەی ئافرەتی فەرمانبــەری لێیە ئاوێنەی کۆمەڵگەیە، بۆیەش ئافرەتان هەموو تواناکانیان ســڕدەکرێت و رێگەیان پێنادرێت هیچ جۆرە کارێکی ســەرکەوتوو ئەنجام بدەن.

**ئامادەکردنی دیار سالار**





# فێڵی پیاوان و مەکری ژنان، ئایا بەڵێنەکانی پیاوان بۆ ڕازی کردنی ئافرەتان تاچەند جێ بەجێ دەکرێت؟

**کاتێك ژن و پیاو ژیانی هاوسەری پێك دەهێنن ژن ڕۆژانە ناز بەسەر پیاوەکەیدا دەکات. ئەوکات پیاوەکە ناچارە بەڵێن بدات بەژنەکەی بۆئەوەی دڵی ڕازی بکات .بەڵام زۆربەی ژنان گلەیی ئەوەدەکەن کە پیاوەکانیان نازیان هەڵناگرن و بەڵێنەکانیان جێبەجێ ناکەن .لەم بارەیەوە ڕابۆچوونی چەند کەسێکمان بۆ ورووژاندنی ئەم بابەتە وەرگرتووە.**

* * *

### پیاو زیاتر لەقۆناغی دەزگیرانێتی بەڵێنەکانی جێبەجێدەکات

فێنك وریا، پێیی وایە، زۆربەی پیاوان زیاتر لەپێش ئەوەی ژیانی هاوسەری پێك بهێنێت زیاتر بەڵێنەکانی ژن جێبەجێ دەکات، چونکە ئەوکات پیاوەکە هەموو داواکاریەکان جێبەجێ دەکات بەس بۆئەوەی کچەکە ڕازی بێت بۆئەوەی ژیانی هاوسەری لەگەڵ پێکبهێنێت .بەڵام کاتێك ژیانی هاوسەری پێکهێنا ئەوکات کەمجار بەڵێنەکان جێبەجێ دەکات چونکە دەزانێت ژنەکە بوو بەهی خۆی هەروەها ژنەکە ناچارە بەهەموو شێوەیەك لەگەڵی ڕازی بێت و ژیان بەسەر بەرێ . بۆیە ئەوکات هەر ڕۆژە و فێڵێك دەدۆزێتەوە بۆئەوەی خۆی دەرباز بکات لە بەڵێنەکانی . فێنك وتی « هەمووکات هاوسەرەکەم بەڵێنەکانی جێبەجێکردوومەوە نازی هەڵگرتووم .

دواتر مامۆستا تارا تەمەنی ٣٠ ساڵە و بۆماوەی شەش ساڵە ژیانی هاوسەری پێکهێناوە، پێی وایە زیاتر پیاو لەقۆناغی دەزگیرانێتی بەڵێنەکانی جێبەجێ دەکات نەوەك لەو قۆناغەی کەژیانی هاوسەری پێکدەهێنن، دەڵێت « ئەوکاتەی کە دەزگیرانداربووم پیاوەکەم زیاتر نازی هەڵدەگرتم چونکە ئەوکات هەر قسەیەکی کردبا باوکم دەیوت کچی خۆمت نادەمێ . بەڵام کاتێك گواستمیەوە بێمنەت بوو لەسەد بەڵێن دوویان جێبەجێ ناکات هەردەڵێت باشە بەسەرچاو بەڵام هیچ کامیشیان جێبەجێ ناکات .

### ژن بەشێوەیەکی ڕاستگۆیانە خۆشەویستی خۆی دەردەبڕێت

ڕێزان ئەنوەر قوتابی زانکۆیەو دەڵێت « زۆرجار ژن مەکر دەکات بەسەر پیاوەکەی بەشێوەیەکی ڕاستگۆیانە و خۆشەویستی خۆی دەردەبڕێت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، بەڵام بەپێچەوانەوە پیاو زۆر شتی شاراوەی

هەیە هەموو شتێك دەرنابڕێت .زۆر جار فێڵا لەژنەکەی دەکات و وەك ئەوە وایە هەڵی خەڵەتێنێت . تەنیا بۆئەوەی ژنەکە ڕازی بێت .بەڵام زۆر جار ژنەکە دەزانێت ئەو قسانەی کە پیاوەکە بۆی دەکات کە دوورن لە ڕاستی بەڵام دڵی پێخۆش دەبێت ڕازی دەبێت بەقسەکانی .

### دەبێ بەشێوەیەکی زیرەکانە هەڵسوکەوت لەگەڵ هاوسەرەکەت بکەی بۆئەوەی نازەکانت هەڵبگرێ

خاتوو دەریا تەمەنی ٢٦ ساڵەو ژیانی هاوسەری پێکهێناوەو خاوەنی دوو منداڵەو دەڵێت « هەموو کات مەکری پیاو لەمەکری ژن گەورەترە، چونکە دەسەڵاتی زیاترە .بۆیە پێویستە ژن بەشێوەیەکی زیرەکانە مەکرو نازی خۆی بەسەر پیاو بکات بۆئەوەی بتوانێت ئەو شتانەی لێی داوادەکەی بۆت جێبەجێبکات .نازەکانت هەڵگرێ .

### ژن بەزۆری لە ژووری نووستن ناز بەسەرپیاوەکەی دەکات

ئەحمەد نەجات بۆ ماوەی سێ ساڵە ژیانی هاوسەری پێکهێناوەو خاوەنی منداڵێکە و دەڵێت « ژن ئەوکاتانە ناز بەسەر پیاوەکەی دەکات لەژووری نووستن ئەوکات داواکارییەکانی خۆی دەڵێت ئەوکات پیاوەکە بەڵێنی پێدەدا جێبەجێیان بکات، بەڵام زۆرجار جێبەجێیان نەکات تەنیا قسەیە و دەیکات بەس بۆئەوەی دڵی ژنەکەی ڕابگرێت واتا دەتوانم بڵێم فێڵی لێدەکات . سیناریۆی بۆدەکات وەك ئەوەی کەنازەکانی هەڵدەگرێت . «ئەحمەد » ئاماژەی بەوەدا وتی « ئەوەندەی لەتوانام دابووە بەڵێنەکانم جێبەجێ کردوە و دڵی هاوسەری خۆم نەشکاندوە، بەڵام زۆرجاریش ئەو فێڵەم لەگەڵی بەکارهێناوەو وتومە بەڵێنەکە جێبەجێ دەکەم .لەهەمان کاتدا جێبەجێشم نەکردوە تەنیا قسەبووە کردومە .

### مرۆڤ قەبارەی ئەوبەڵێنەی داویەتی زۆرگەورەترە لەوتوانایەی هەیەتی

ستار باقی بەرپرسی بەشی کۆمەڵناسی لەگۆڤاری نمە وتی» مرۆڤ زۆر کات قەبارەی ئەو بەڵێنەی داویەتی زۆر گەورەترەلەو توانایەی کەهەیەتی .ڕەنگە داواکاری پیاوەکە زۆر گەورەتر بێت لەتوانای ماددی پیاوەکە، بۆنموونە ژنەکێك داوای (٢٠) مسقال زێڕ لەپیاوەکەی دەکات . پیاوەکە بۆئەوەی دڵی ژنەکەی ڕازی بکات. توانای پیاوەکە ئەوەی کە بچێتە ژێر باڵی

قسەی ژنەکەی . ئەوکاتە پیاوەکە هەوڵدەدات خۆی دووربخاتەوە لەو داواکارییە کە ژنەکە هەیەتی بۆئەوەی خۆی دووربخاتەوەلەم بابەتە ڕەنگە پەنادەباتە کۆمەڵێك شت کەهەر لەژیاندا بوونیان نییە . هەروەها بوونی کات زۆر دەوری هەیە لەنێوان ژن و پیاودا ئەگەر ئەو ژن و پیاو کاتی زۆرتر لەگەڵ یەك دانیشن ئەوا جوانتر شارەزای یەکتر دەبن و زیاتر ئاگاداری یەکتر دەبن ئەوکات پیاو زیاتر دەتوانێت بەڵێنەکانی جێبەجێ بکات .ناتوانێت فێڵی لێبکات چونکە ژنەکەی ئاگاداری کارو پیشەکانیەتی . هەوروەها هاوپیشەیی بوون زیاتر ڕۆڵی هەیەو دەرفەتی ئەم شتانە کەمتر دەبێتەوە . پەروەردەکردنی خێزان ڕۆڵێکی گرینگی هەیە، چونکە ئەو کەسانەی لەتەمەنی گەورەبوون ئەم کارانەدەکات لەمنداڵییەوە فێرکراوە کە نەتوانێت بەڵێنەکانی جێبەجێ بکات .

هەروەها «ستار» ئەوەش دەخاتەڕوو دەڵێت « زۆرجار هەردووکیان ناز بەسەر یەکتر دەکەن بەتایبەتی ژن (تەبیعاتێکی ) ناسکی هەیە .بۆی هەیە نازبکات لەسەرپیاوەکەی بەڵام پیاو ئەوەندە بۆی نییە ناز بکات لەسەر ژنەکەی تەنیا لەیەك کاتدا پیاو دەتوانێت ناز بکات لەسەر ژنەکەی لەباری خۆشەویستی کە خۆشەویستی بەرامبەر یەك دەربڕن ئەوکات ئاساییە .

### هیچ کات پێویست ناکات ژن و پیاو بەشێوەیەکی نادروست شتەکان لەگەڵ یەکتر بڵێن

سارا حوسێن توێژەری کۆمەڵایەتی لەسەنتەری مەسەلە دەڵێت « هیچ کات لەگەڵ ئەوەدانیم لەنێو ژن و مێرد بەشێوەیەکی ناڕاست شتەکان بۆیەکتر نەڵێن بۆ نموونە پیاوەکە بەژنەکەی دەڵێت شتت بۆدەکڕم بەڵام دەشزانێت بۆی ناکڕێت بە ڕای من بەشێوەیکی ڕاشکاوانەبڵێت من لەتوانام نییە ئەم شتەت بۆبکڕم .

نەك تەنیا دڵی خۆش بکات و بۆشی نەکڕێت، چونکە ئەوکات درۆ لەگەڵ خودی خۆی و بەرامبەرەکەی دەکات . سارا وتی « ئەوکاتانەی کە پیاو بەڵێن بەژنەکەی دەدات و جێبەجێی ناکات ئەگەر ئەم قسانەی دەیکات تەنیا ماوەیەکە سەردەگرێت لای ژنەکە ڕۆژێك دێت ئاشکرا دەبێت کە بەڵێنەکانی جێبەجێ ناکات ئەوکات سیقەش لەنێوانیان کەم دەبێتەوە نەك ژیانیان خۆش بێت .



# مامەڵەی فەرمانبەران لەگەڵ هاووڵاتیاندا

ئا: ئەمەل محەمەد جەلال

بەرپرسی فایلی کۆمەڵایەتی: کامەران جەلال..
Email: komelayeti@gulan-media.com
Mobile: 07504944607

**فەرمانبەر بریتییە لەو کەسەی کە لەیەکێك لــە فەرمانگەکانی دەوڵەتدا هەڵدەســتێت بە ئەداکردنــی کاروباری گشــتی خەڵك، واتە لەبەرامبەر ئەو ئەرکەی کە دەیکات حکومەت مووچەی بۆبڕیوەتەوەو دەبێت بەیەکســانی و لەپێناوی بەرژەوندییە گشــتیەکاندا مامەڵە بــکات و بەئەرکی خۆی بزانێــت هەرکارێك کــە لەچوارچێــوەی پیشــەکەی خۆیدایــە پێیهەستێت،لەکوردستانیشدا هاووڵاتیان زۆرترین کارەکانیــان دەکەوێتە فەرمانگەکان و بەردەوام رۆژانە مامەڵە لەگــەڵ فەرمانبەراندا دەکەن و بەم هۆیەشــەوە هەر فەرمانبەرەو بەپێی ئەو تایبەتمەندییەی کــە هەیەتی مامەڵە لەگەڵ هاووڵاتیاندا دەکات.**

***

**خەڵکی وایە هەموو شەوێك تەلەفۆنم بۆدەکات بۆئەوەی بزانێت ئیشەکەی تەواو بووە**

رێبوار فــەرەج ئەحمەد کــە وەکو دەلالێك نزیکەی ١٠ ســاڵە بۆ مامەڵــە و کاروباری هاووڵاتیــان کاردەکات بــاوەڕی وابــوو کە بەشێوەیەکی گشــتی مامەڵەی فەرمانبەران لەگــەڵ هاووڵاتیاندا خــراپ نییە بۆ نموونە ئەمرۆ نزیکەی ئیشــی ٤ فەرمانگەم تەواو کردووە جگە لەو هەمــوو قەرەباڵغیەی کە لە فەرمانگەکاندا هەیە،بەڵام چەم بێ چەقەڵیش نابێت لەوانەیە لە فەرمانگەیەکدا یەك یان دوو فەرمانبــەری تیابێت کە بە میزاجیەتی خۆی کارەکان بکات ئەمەش مانــای ئەوە نییە کە ئەو فەرمانگەیە ئیشی خەڵك ناکات، بەڕاستی خەڵکــی ئێمە ئارامگرتنی نییــە و دەیەوێت کارەکەی بە یــەك رۆژ تەواوبێت،خەڵکی وایە هەموو شــەوێك تەلەفۆنم بۆدەکات بۆئەوەی بزانێت ئیشەکەی تەواو نەبووە لەکاتێکدا بە ١٠ رۆژ ئینجا تەواو دەبێت.

**ئەگەر لێپرسینەوە لەگەڵ فەرمانبەرەکان بکرێت ئەوا ئەوانیش مامەڵەیان باش دەبێت**

زیاتر لە کاتژمێرێکە ســەرەم گرتووە ئێستا ســەرەم نەهاتووە و پۆلیســەکانی بەردەرگاش هەندێك جــار خەڵکی وادەکەنــە ژوورەوە کە لەسەرەشــدا نەوەســتاوە،ئەمە وتەی مەعروف عەزیــز مەعروفــی تەمەن ٥٠ ســاڵبوو کە لەفەرمانگەی دادنووســی ســلێمانی/ئێواران ســەرەی گرتبوو بۆ ئەوەی بریکارنامەیەکی گشــتی بکاتەوە بۆ پارێزەرێك،ســەبارەت بە مامەڵەی فەرمانبەرانیش بــاوەڕی وابوو کە ئەگەر لێپرســینەوە لە فەرمانبەرەکان بکرێت ئەوا ئەوانیش مامەڵەیان لەگەڵ خەڵکیدا باش دەبێت و هەرچەندە من کەم ئەچمە فەرمانگەکان بەڵام ئەوەندەی چووم مامەڵەیان خراپ نەبووە لەگەڵم تەنیا ئەوەندە نەبێت جارێك بۆمەسەلەی وەرگرتنی ســولفەی عەقــار فەرمانبەرێك لێم توڕەبوو و کارەکەی بۆ نەکردم.

**گلەییم لە هەندێك فەرمانبەری پیاو هەیە**

بەبڕوای من فەرمانبــەرە ژنەکان مامەڵەیان خۆشترە وەك لە پیاوەکان، تائێستا ژنێکم نەبینیوە گلەیی لێبکەم و دەســتیان مــاچ دەکەم بەڵام بەداخەوە گلەیم لە هەندێــك فەرمانبەری پیاو هەیە کە وادەزانن بەخۆڕایی کارەکانمان بۆدەکەن و منەتمان بەســەردادەکەن، چەندەها جار پێیان وتووم بڕۆ بەیانی وەرەوە،ئەمە بۆچوونی رابیعە عەلــی صالح بوو کە زۆربــەی کات کاری بە فەرمانگەکان هەیە لەبەرئەوەی کوڕو کچێکی لە دەرەوەیە و بریکاری ئەوانە بۆ هەر مامەڵەیەك کە بۆیانبکات، هەروەها وتیشــی ناشڵێم ژنەکانیش هەموویان هەر باشــن چونکە ژنانیش بە قسەن و لەوانەیــە بەهۆی ئەوەی کە دوو ژن بەیەکەوە لەیەك ژووردان بەهۆی قسەی زۆرەوە کە دەیکەن کاری خەڵك دوابکەوێت بەڵام هێشــتا وەك هی پیاوان نییە.

**خەڵکی ئێستاش زۆر بێ ئارامەو بەدیار فەرمانبەرەکەوە دەوەستێت تا کارەکەی بۆتەواو دەکات**

فەرمانبەر نوێنــەری خەڵك و حکومەتە لەو فەرمانگەیەی کە دەوامی لێدەکات بۆیە بەپێی یاســا دوو ئەرکی دەکەوێتە ئەســتۆ، ئەرکێکی ئەوەیە کە کارەکە لەچوارچێوەی یاسادا جێبەجێ بکات ئەرکەکەی تریشــی مەعنەوییە و دەبێت بەوپەڕی رێزگرتن و ئەدایەکی جوانەوە مامەڵە لەگەڵ هاووڵاتیاندا بکات ئەمە باوەڕی پارێزەر ئیســماعیل ئەحمەد جەمال بوو،لەبەرئەوەش کە بەپێی نووسراوی رەســمی ئەنجوومەنی وەزیران دەبێــت فەرمانگەکان کارئاســانی بۆ پارێزەران بکــەن بۆیە مامەڵەی فەرمانبەران لەگەڵ ئێمە زۆرباشــە و دەستخۆشــییان لێدەکەم،هەرچەندە لەهەندێك فەرمانگە وەکو هاووڵاتییەکی ئاسایی مامەڵەمــان لەگەڵدا دەکەن بــەڵام ئێمەش زۆر گوێ نادەین و لەگەڵیاندا ئیشەکان بەرێدەکەین، بەڵام بەڕاستی خەڵکی ئێستاش زۆر بێ ئارامەو بەسەر فەرمانبەرەکەوە دەوەســتێت تا کارەکەی بۆدەکات.

**فەرمانبەری هەندێ فەرمانگەم بەدڵ نییە**

هەنــدێ فەرمانگە هەیــە فەرمانبەراکانیان زۆر بەباشی کارەکان دەکەن و خەڵك ئەزێت نادەن وەکو فەرمانگەی پاســپۆرت و رەگەزنامە بەڵام فەرمانبــەری هەندێ فەرمانگــەی ترم بەدڵ نییە و خەڵك زۆر لێیان رازی نین کە پێویســت ناکات ناویان بێنین ئەمەش بۆچوونی کاوە زرار محێدین بوو،هەروەها وتی مووچەی فەرمانبەران وەکو پێویست نییە و بەباشی دەزانم مووچەیان بۆزیاتربکرێــت تاکو ئەوانیش بەچاوێکی ترەوە ســەیری خەڵــك بکەن،ئامۆزایەکــم لە بانك دامــەزراوە ئەڵێ ٢٥٠هــەزار دینارم هەیە کە بەشی رۆژانەکەی ناکات.

**فەرمانبەری وا ئەزانم بە ٣ پاص ئینجا ئەگاتە فەرمانگەکەی**

من هەرگیــز گلەیی لە فەرمانبەران ناکەم لەبەرئەوەی ئیشــی فەرمانگەکان زۆر زیادی کــردووە و زۆر قەرەباڵغــن و خەڵکیش دەڵێی لەســەر ئاو و ئاگــرە و ئەوەش کــە گلەیی دەکات ئەگەر خۆی لەجێگەی فەرمانبەرەکە بوایە هەروەك ئــەو دەبوو،ئەمە باوەڕی رزگار عەبدولرەحمان عەلی بوو،هەروەها وتیشــی کە لەبەرئەوەی ٨ ســاڵ شۆفێریی پاصی یەکێك لە گەڕەکەکانی شــاری ســلێمانی بووە بۆی دەرکەوتووە کە خەڵك هەمیشــە بە گلەیین و بەچاوێکی دادپەروەرانەوە شتەکان نابینن،لەسەر قســەکانی بەردەوام بوو و دەیوت دەستخۆشی لەفەرمانبەرە بەرێزەکان دەکەم دەبێت خەڵکیش پەلــە نەکات،چــی تیایە ئەگــەر دوو رۆژ ئیشــەکەی دوابکەوێت،فەرمانبەری وا دەزانم بــە ٣ پاص ئینجا دەگاتــە فەرمانگەکەی و ئەمیش پێویستی بەوە هەیە موراعاتی بکرێت و رێزی لێبگیرێت.

**نابێت تەنیا لە چاوی خۆمانەوە سەیری بەرامبەرەکانمان بەکەین**

ئەگەر خەڵك مامەڵــەی باش بێت لەگەڵ ئەو فەرمانبەرەی کە ئیشی دەکەوێتەلای ئەوا باوەڕناکەم فەرمانبەریش بەشــێوەیەك مامەڵە بکات بەدڵــی ئەو نەبێت،خەڵکــی ئێمە ئەوە نازانێــت کە هەر فەرمانبەرێك لە ژینگەیەکی خێزانیدا ژیان بەسەردەبات و لەوانەشە کۆمەڵێك گرفتــی دارایی و دەروونــی هەبێت ئەمەش کاردەکاتە ســەر ئەدای کاری ئەو فەرمانبەرە لە فەرمانگەکەیدا بۆیە پێویستە هاووڵاتیانیش موراعاتی فەرمانبــەران بکەن،ئەمە باوەڕی کۆسار زانا یاسین-ی دەروونناس بوو،هەروەها لەســەر بۆچوونەکانی بــەردەوام بوو و دەیوت ئێمە نابێت تەنیا لە چاوی خۆمانەوە ســەیری بەرامبەرەکانمان بەکەین بەڵکو ئەبێت لەژیانی خۆیــەوە ســەیری بکەیــت، هەرکاتێکیــش بەمشــێوەیە بیرمان کردەوە ئەوا تەنیا گلەیی لەبەرامبەرەکانمــان ناکەیــن بەڵکــو هەندێ جاریش خۆمان بە تاوانبار دەزانین و موراعاتی ئەوانیش دەکەین،بەپێوستیشــی دەزانم وانەی دەروونناســی لە هەموو قۆناغەکان تا دەگاتە زانکۆ بخوێندرێت تاکو خەڵك و فەرمانبەرانیش بزانن چۆن مامەڵە لەگەڵ یەکتردابکەن.

# دایک و باوکان و حەزو



**بەبێ بوونی منداڵی زۆر ناتوانم بژیم**

ئامادەکردنی : رووخۆش محەمە کەریم

هەمـــوو ژن و پیاوێـــك دەچنـــە نـــاو ژیانی هاوســـەرگیرییەوە و حەز و ئـــارەزوی منداڵبوون دەکەن، پیاوەکان لەبری ئەوە شانازی باوکایەتییان پێ دەخشـــرێ و بەشـــێك لە ژنانیش لەبەر حەزو خۆشەویســـتی مێردەکانیان و ئەوانی تریش حەزو خولیای تایبەتمەندێتی خۆیانە،هەندێکیشیان حەز لە بوونی منداڵی زۆر دەکەن و هەندێکی تریش لە دایـــك و باوکانی تەمەن گەنج تەنیا منداڵێك یان دووان بە گونجاو دەزانن.

مامۆستا تارا غەریب ئەحمەد دەستی دوومنداڵە کچەکەی گرتبـــوو و بەرەو دادگای ســـلێمانی بەرێدەکەوت و منیش راســـتەوخۆ پرسیاری ئەوەم لێکرد واپێدەچێت منداڵەکانت زۆر خۆشبوێن، وتی سۆمای چاوانمن، ســـەبارەت بەوەش کە هەردوو منداڵەکەی کچن باوەڕی وابوو کە هۆشـــیاریی و رۆشنبیریی هاوســـەرەکەم بەشێوەیەکە کە لەگەڵ حەزەکانی من هەنگاو دەنێـــت و زۆر باوەڕی بە قەدەر هەیە و زۆربەی کات دەڵێ مەکرونازەکانی کچەکەم ناگۆڕمەوە بە ١٠٠ کوڕ، ئەگینا ئەگەر تووشـــم بە پیاوێکی ترەوە بوایـــە کە ئەم باوەڕەی نەبوایە ئـــەوا بێگومان منیش تووشـــی هەندێك گرفت دەبووم.

ژیلا گـــوورون فایـــەق ژنە پـــەروەردەکاری دایەنگەی ســـۆز، کە نزیکەی ٢١منداڵ پەروەردە دەکات و رۆژانە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات و خۆشی خاوەنی دوو کوڕ و کچێکە بە ئاواتی ئەوەوەبوو دوو منداڵی تریشـــی ببێت، بەڵام کـــچ بن لەبەرئەوەی ئەوەی کچەکەم بۆم دەکات کوڕەکانم هەر ئاوڕیشـــم لێنادەنەوە، ســـەبارەت بەوەش کـــە پیاوەکەی حەزی لە منداڵی زۆرە و بـــەردەوام حەزی لە قەرەباڵغییە و پیاوەکەم ئەڵێ بەبـــێ بوونی منداڵی زۆر ناتوانم بژیم، هەروەها وتیشی پێم سەیرە دایکان خولیای ئەوە دەخـــوازن کە کوڕیان ببێت، چونکە لەم دایەنگەیەدا ئەوانەی کە زۆر گوێرایەڵن و بەقسەمان دەکەن زیاتر کچەکانن، تەنانەت پێش ئەوەی ژیانی هاوسەرایەتی پێکەوەبنێم هەر حەزم لە منداڵی کچ بووە.

دارا شێخ خالید کریم شوفێری پاسی کارێزە وشك کـــە خاوەنی دوو ژنەو تا ئێســـتاش هەر بە نیازی منداڵـــی دیکەیە، ئاواتی ئەوە بوو کە دوو منداڵی تریشی هەبێت و هەردووکیانیش هەر کوڕبن، باوەڕی وابـــوو کە کوڕ ئازار و ئەرکی ژیان لەســـەر باوکی لادەبات بۆ نموونـــە لە مانگێکدا ١٠ رۆژ کوڕەکەم ئەم پاسە لێدەخورێت لە خەتەکەدا و ئەرکی سەرشانی منی ســـووککردووەو ئەم کارە بە کچەکەم ناکرێت و بـــۆ دوای مردنیش کوڕ جێگـــەی پیاو دەگرێتەوە، خۆ ئەگەر پیاویش تووشی نەخۆشییەکی درێژخایەن بوو حـــەزدەکات بچێتەماڵی کوڕەکەی، نەك ماڵی کچەکەی، باوەڕیشـــی وابوو کە زاوا زۆر جێگەی متمانەنین بەتایبەتی بۆ ئەو خەزوورانەی کە خاوەنی ســـەروەتێکی وەها نین کە ماستاو بۆ خەزوورەکەیان بکەن.

پارێـــزەر ئاواز ئەمجەد محەمـــەد کە تازە چۆتە ژیانی هاوســـەرگیرییەوە و هێشتا هەر لەسەردەمی دەســـتگیرانداریدایە، تەنیا قەناعەتی بە بوونی دوو منداڵ هەبوو و دەشـــیوت مرۆڤ بیر لە پەروەردەی تەندروســـت و ژیانێکی خۆشـــیش بکاتەوە بۆ دایك و باوکانیش، لەبەرئەوەی ئەگـــەر خاوەنی منداڵی زۆربوویـــت ئـــەوا نەدەتوانیت بە باشـــی خزمەتیان بکەیت نە وەکو ئەوەش کە دایك و باوکان دەیانەوێت لە ژیانـــدا مامەڵە بکەن و بـــە ئاواتەکانی خۆیان بگـــەن، تەنانـــەت لە دادگاش کاتێـــك کچ و کوڕ گرێبەندی هاوسەرایەتی پێکدێنن جەنابی دادوەریش پێیاندەڵێت بیر لەمنداڵی کەم و تەندروست بکەنەوە، باوەریشـــی وابوو کە بوونـــی منداڵی کوڕ یان کچ هیچ جیاوازیەکی نییە بەڵکو دەکەوێتە سەر ئەوەی کە ئەو کوڕ و کچە لە ئایندەدا چ جۆرە کەســـێکیان لێدەردەچێت، کەســـێکی خاوەن کەســـێتی تایبەتی خۆی کە خەڵك و دایك و باوك و کۆمەڵگە شانازی پێوەدەکات یان بە پێچەوانەوە، باوەڕیشـــی وابوو کە دیـــاردەی حەزکردن لە کـــوڕ و حەزنەکردن لە کچ کەمتربۆتەوەو کوڕان و کچانیش ئێستا هۆشیارانەتر مامەڵە دەکەن.

# ئارەزوو لە منداڵبوونی زۆر



**گرنگ ئەوەیە دایك و باوك توانای ئەوەیان هەبێت چۆن منداڵەکانیان دەژێنن و چۆن پەروەردەیان دەکەن**

یەکێك لەو هاوڵاتیانەی کە دەیویست مامەڵەی فەرمانگەی باجی خانووبەرە ئەنجامبدات کچێکی تەمەن ٩ ساڵی لەگەڵدابوو، لەوەڵامی ئەو پرسیارەی کە باوکی چەندە ئەمی خۆشدەوێت وتی منی زۆر خۆشدەوێت و هەموو شتێکم بۆدەکڕێت و لە بازاڕیش جارجار تەلەفۆنم بۆدەکات، پاشان دایکی منداڵەکە بەناوی شەونم محێدین باسی لەوەکرد کە پیاوەکەم لە من زیاتر کچەکەمی خۆش دەوێت، هەرچەندە پێش ئەوەی ئەم منداڵەمان ببێت حەزی لە کوڕیش بوو، سەبارەت بە ژمارەی منداڵیش باوەری بە بوونی ٣ تا ٤ منداڵ هەبوو، جگە لەوەی کە بوونی منداڵێکیشی هەر بە باش دەزانی و باسی لەو گرفتە دەروونییانە دەکرد کە چەندان ژن بەهۆی نەبوونی منداڵەوە تووشیان هاتووە.

چنار ئیسماعیل سۆفی کە هێشتا قوتابی قۆناغی سێیەمی زانکۆیە و تائێستا دوو کوڕ هاتونەتە داوای و شووی نەکردووە وتی کە من ئێستا بیرم لە مەسەلەی منداڵبوون نەکردۆتەوە بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەگەر دایك و باوکێك کچێك و کوڕێکیان هەبێت لەوانەیە بەس بێت، بەڵام کە بوون بە خاوەنی دوو کچ ئەوا ئەڵێن با کوڕێکیشمان هەبێت و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە دایك و باوك بیر لە منداڵی زیاتر بکەنەوە، سەبارەت بە رەگەزی منداڵیش حەزی لە بوونی کچ بوو، تەنیا لەبەرئەوەی کە کچ لەماڵدا ئارامترە و زووتر هۆگری دایکی دەبێت، باسی لەوەش کرد کە ئێمە لەماڵەکەی خۆماندا زیاتر کچەکان ناز و خۆشەویستیمان زیاترە لای دایکوباوکانمان، لەوانەیە ئەمەش وای لەمن کردبێت کە ئەم حەزەم بۆدروستبێت، دەڵێت ئەگەر کوڕێکی تر هاتە داوای و گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە ژیانی هاوسەرایەتی لەگەڵ ئەنجامبدات ئەوا سەرەتا باس لە مەسەلەی منداڵ و ژمارەکەیان دەکات و بزانێت، حەزو ئارەزووی ئەو چۆنەو بەپێکەنینیشەوە وتی مەسەلەی ئەم ریپۆرتاژەی ئێوە وایلێکردم کە بیر لەوە بکەمەوە.

لە پارکی ئازادی شاری سلێمانی خێزانێك بەیەکەوە خەریکی تاوتوێکردنی ئیشی خۆیانبوون دوو کچ لەو خێزانە کە ژیانی هاوسەرایەتیان پێکنەهێنابوو باوەڕیان بە بوونی دوو منداڵ هەبوو دایکیشیان لەولاوە هەڵیدایە و وتی جا دووان چییە!، فەرهاد ئازادی زاواشیان کە خاوەنی یەك منداڵبوو باوەڕی وابوو کە گرنگ ئەوەیە دایك و باوك توانای ئەوەیان هەبێت چۆن ئەم منالانە دەژێنن و چۆن پەروەردەیان دەکەن ئەگینا لەوانەیە خێزانێك حەز بەبوونی زیاتر لە سێ منداڵیش بکات ەڵام لەبەرئەوەی کە توانای داراییان کەمە ناچارە بیر لە یەك یان دوو منداڵ بکاتەوەو کە ژیانی مادەیان باشبوو ئەوانیش حەزیان بگۆڕێت،سەبارەت بە رەگەزی کژ یان کوڕیش وتی کە پێویستە دایکان و باوکان ئەم مەسەلەیە بە گرفت نەبینن و ئەوە خوا خۆی باشتر دەزانێت،لای من هیچ جیاوازی نییە باخێکم هەبێت هەناری تیا بەرهەمبێنم یان سێو،زۆر گلەیی و گازندەشم هەیە لەو پیاوانەی کە بەهۆی ئەوەی کوڕیان نابێت بیر لە ژنی دووەم دەکەنەوە یان بەهۆی نەبوونی منداڵەوە ژنەکەیان تەڵاق دەدەن.

سەرنج:

لەکۆتایی ئەم رێپۆرتاژەدا ئەوەی کە تێبینی دەکەین ئەوەیە کە حەز و ئارەزوی هەریەکە لە مرۆڤەکان جیاوازە بۆ مەسەلەی منداڵبوون و ژمارەیان لەنێوان ١ تا ٣ بەگونجاو دەزانن و زۆربەشیان جەخت لە چۆنیەتی پەروەردەکردنیان دەکەنەوەو ئەوە بە گرنگتر دەزانن،ئەو دیاردەیەی کە زیاتر دایك و باوکان حەزیان لە کوڕبێت کەمتربۆتەوە و بەچاوێکی یەکسان سەیری هەردوو رەگەزەکە دەکەن،کچان و کوڕانیش ئێستا هۆشیارانەتر مامەڵە لەگەڵ مەسەلەی منداڵبوون و ژمارەیان دەکەن و بوونی ژینگەیەکی ئارام بە گونجاو و پێویست دەزانن بۆ حەز و ئارەزووی منداڵ.